# عەقیدەی ئەشعەرییەکان

## لە تەرازوی ڕەخنەی زانستیدا



د. إحسان برهان الدين

# عەقیدەی ئەشعەرییەکان

## لە تەرازووی ڕەخنەی زانستیدا

د. إحسان برهان الدين

# بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله حق حمده والصلاة والسلام على من لا نبي من بعده وعلى آله وصحبه ومن دعا بدعوته وعمل بسنته إلى يوم الدين.

ئەم نامیلکە بریتییە لە چەند وتارێکی مەنهەجی زانستی دەربارەی بیروباوەڕی ئەشاعیرە، لە ڕۆشنایی قسەی زانایانی ئەهلی سوننەتدا نووسراوە، لە بنچینەدا زنجیرە پۆستێك بووە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراوەتەوە وداوتریش بەباش زانرا بەم شێوە بۆ خوێنەرانی بەڕێز بەردەست بێت.

بابەتەکان ئەگەرچی هەمووی لە بازنەی بەرپەرچدانەوەی هەندێ بیروباوەڕدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام دواجاریش هەر باسێکی بۆ خۆی بابەتێکی سەربەخۆیە و تیشك دەخاتە سەر لایەنێکی ئەو بابەتە فراوانەی نووسەر مەبەستی بووە تیشکیان بخاتە سەر وڕوونیان بکاتەوە.

داواکارم لە الله عزوجل ئەم چەند لاپەڕە کەی لێرەدا نووسیومانە هەوڵێك بێت بۆ بەرچاوڕوونکردنی موسوڵمانان سەبارەت بە تیشك خستنە سەر عەقیدەی ڕاستی ئەهلی سوننەت و هاوکات دەرخستنیش بێت بۆ هەر بیروباوەڕێکی ناکۆك لە گەڵ عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

# ئایا ئەشاعیرە زۆرترینن؟

## (ابن حجر العسقلاني) وەڵام دەداتەوە

لە کتێبی (الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة) کە کتێبێکی گرنگی مێژوونووس و فەرموودەناسی بەناوبانگ (ابن حجر العسقلاني) یە، دەربارەی مێژوو و ژیاننامەی ئەو زانا و ناودارانەی کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاون و یەکێك لەوانە زانای گەورەو پایەدار ابن تيمية یە، نەك تەنها زۆر حەقیقەتی سەرنجڕاکێشی دەربارەی ئەو زانا خستووەتەڕوو، بەڵکو چەند حەقیقەتێکی زۆر گرنگی دەربارەی ئەشعەرییەکانیش باس دەکات کە ناحەز و نەیاری ابن تيمية بوونە و ئەوە دەردەخات کە چۆن عەقیدەی خۆیان بە تۆپزی و بە هێزی دەسەڵات سەپاندووەتە سەر خەڵکیدا، لێرەدا چەند خاڵێك لەو بارەوە دەخەمە روو:

1 -ئەوەی کە دەوترێت زانایان لەسەر مەزهەبی (ابن تيمية) نەبوونە و زۆربەیان ئەشعەری بوونە لەو کتێبەی (ابن حجر) دا دەردەکەوێت کە وا نییە و ئەو قسەی ئەوان خیانەتێکە لە مێژوو کردوویانە. (ابن تيمية) کە مونازەری لەگەڵ دەکردن و سەریشدەکەوتە سەریاندا وەکو ئەو

مونازەری کە لەگەڵ الزملکاني ئەنجامیدا، دواتر قازی شافیعی کە شافیعییەکان ئەشعەری بوون، یان قازی حەنەفی بانگیان دەکرد و زیندانیان دەکرد و هەندێ جار بەبەرچاوی خەڵکەوە لێیان دەدا و سووکایەتییان پێ دەکرد.

2 -ئەشعەرییەکان کە خاوەنی دەسەڵات بوون لەو سەردەمە، دا لەگەڵ (ابن تیمیة) و قوتابییەکانی - وەکو ابن حجر دەڵێت - هەمیشە بە زەبری هێزو دەسەڵات مامەڵەیان کردووە، فەرمانیان دەرکردووە بە قەدەغەکردنی قسەو فەتوادان لەسەریان، زیندانیان کردوون، هەروەها قازێکانی سەربەخۆیان لە ئەشاعیرە و جەهمییەکان ئەوانیان لەسەر عەقیدەو بیروڕاکانیان تەعزیر کردووە. ئەشاعیرە بەم شێوە لەو سەردەمەدا مەزهەبی خۆیان بڵاودەکردەوە.

3 -لە میسریش بەهەمان شێوە حەنبەلییەکان کە مەبەست پێیان شوێنکەوتووانی فەرموودەو سوننەتە، زۆر لەسەر دەستی دەسەڵاتی ئەشاعیرە ئازار دەدران و سووکایەتییان پێ دەکرا، تەنانەت (ابن حجر )لەو کتێبەیدا دەڵێت بە زلّة لەبەرچاوی خەڵکیدا لێیان دەدرا.

4 -لەو سەردەمەدا هەر مەزهەبێك و قازی خۆیان بووە، وەكو ئەوەی چوار دین بێت و تەنها ئیسلام دینی هەموو لایەك نەبێت، هەرسێ مەزهەبی حەنەفی و شافیعی و مالیكی جیاوازییان نەبووە لە مەسەلەی سەرخستنی فیكر و عەقیدەی ئەشاعیرە و هەموویشان خاوەن دەسەڵات بوونە، (ابن حجر) دەڵێت جارێكیان قازییەكی مالیكی ناردی بەشوێن (ابن تيمية)دا و لەسەر هەندێك لە قسەو فەتواكانی، ئەویش ڕازی نەبوو بچێتتە بەردەمی

و وتی ئەو دوژمنمە چۆن ئەبێت ببیتە دادوەر بەسەرمەوە، بەڵام ئەو فەرمانی زیندانی بۆ دەركرد.

5 -(ابن حجر) دەڵێت بە فەرمانی دادوەرە مالیكییەكە (ابن تيمية) لە بورجێكدا زیندانی كرا، بەڵام خەڵكی سەردانیان دەكرد و ئەویش قسەو وانەی هەبوو بۆیان، (ابن حجر) دەڵێت كاتێك قازی لەوە ئاگەدار كرایەوە، وتی ئەگەر (ابن تيمية) نەشكوژرێت (چونكە تەكفیری كردبوو و خوینی بە حەڵاڵ دەزانی) دەبێت سەغلەت بكرێت و ڕێگە نەدرێت قسە بۆ خەڵكی بكات، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەشاعیرە چۆن عەقیدەی خۆیان بە زۆر و بە پشتگیری دەسەڵات بڵاو كردووەتەوە.

6 -هەر لەو کتێبەی (الدرر الكامنة) دا داهاتووە، لەناو شاری دیمەشقدا، جارِ درا، کێ باوەڕی بە ابن تيمية هەبێت و لەسەر عەقیدەی ئەو بێت خوێنی حەڵاڵە، هەموو ئەم ڕێوشوێنە ناشەرعی و پڕ لە دەمارگیری و نامیهربانییەی کە ئەشاعیرە دەیانکرد لە ڕێگەی قازی و کاربەدەستەکانیانەوە ئەنجامیان دەدا، ئەمەش تیشك دەخاتە سەر ئەو قسەی ئەوان کە دەڵێن ئەشاعیرە زۆر بوونە، چونکە بئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن ك بەڵگەی زانستی و حەق لەلای ئەوان بووە و ئەوەش دەردەخات کە مەسەلەکە وا نەبووە، بەڵکو نهێنی ئەو پرسە ئەوە بووە کە ئەوان هەمیشە چەقۆی بێ ئینسافی و بێ ویژدانیان لە دژی (ابن تيمية) و (أهل الحديث)دا لەبەرکار و تیژ بووە.

7 -ئەشاعیرە دەڵێن ئێمە بەڵگەی زانستیمان پییە و زانایان لەگەڵ ئێمەن بۆیە زۆرترین، بەڵام وەکو بانگخوازێکی بەڕێز لە کاتی باسکردنی ژیاننامەی

(ابن تيمية) لە کتێبی (الدرر الكامنة)دەلێت، ئاخر ئێوە خوێنی زانایانی ترتان لە غەیری خۆتان حەڵاڵ کرد و بە زەبری دەسەڵات و زیندانی کردنی نەیارەکانتان هەمیشە ڕەفتارتان کردووە، ئیتر ئەوە چ بەڵگەو زانستێکە باسی دەکەن. تەنانەت ئەوانەش کە باوەڕیان وەکو عەقیدە و باوەڕی ئێوە نەبوو ، ترسان و خۆیان لە شەڕو خراپەی ئێوە پاراست و نەیانتوانی قسە بکەن.

8 -لەو سەردەمەی کە (ابن حجر) باسی دەکات بە زۆر ئەوانەی لەسەر مەزهەبی حەنبەلی بوون کۆ دەکرانەوە بە زۆر  و هەڕەشەی کوشتن مەزهەبیان پێ دەگۆڕدرا و دەکرانە شافیعی، مەزهەبی شافعیش لە بیروباوەڕدا ئەوەش جۆرێك بوو لە شێواندنی حەق و ڕاستی چونکە مەبەستیان پێی عەقیدەی ئەشاعیرە بوو نەك ئەشعەری خۆیشی، چونکە مەعلومە کە ئەبو حەسەنی ئەشعەری لە کۆتایی ژیانیدا لە زۆرێك لە بیروباوەڕەکانی گەڕایەوەو چووە سەر عەقیدەو بیروباوەڕی ئەحمەدی کوڕی حەمبەل.

9 -ئەوەشی باسکردووە کە ئەوەی ڕێگر بوو لە کوشتنی ا (ابن تیمیة) ئەوەبوو، هەندێ جار لەناو قازییەکاندا یەکێکیان ئیتر لەبەر هەر هۆکارێك بێت ڕێگر دەبوون لە دەرکردنی ئەو بڕیارە، ئەگینا ئەوان کوشتنیان لە زیندانی کردنی  پێ باشتر بوو.

10 -یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ئازار و ئەشکەنجەی (ابن تیمیة) ئەوە بوو ڕوبەڕووی هەموو موبتەدیعێك دەبوویەوە، (ابن حجر) لەو کتێبەیدا باس لە کەسێك دەکات بەناوی (نصر بن منبج) کە شوێنکەوتوی (ابن

عربي الطائي) سۆفی بووه و  (ابن تيمية) ش ئەوی تەکفیر کردبوو. بۆیە ئەو نەسری کوڕی مەنبەجە دەچێتە لای بەیبەرسی سوڵتانی میسر کە نزیك دەبێت لێی و لە دژی  (ابن تيمية) هانیدەدات، لەڕاستیدا ئەوە پیشەی هەمیشەیی جەهمی و ئەشعەرییەکان بووە کە پەنایان بۆ ئەو جۆرە کارە دزێوو ناشیرینە لە دژی نەیارەکانیان بردووە ، ئەوەش بوو بە مایەی ئەوەی قازی مالکییەکان ڕاسپێردرا و ئازاری زۆری شوێنکەوتوانی مەزهەبی حەمبەلیدا، ئەوەشی سەرنجڕاکێشە قازییەکی حەنبەلیش هەبوو کە (ابن حجر ) بە جاهیل ناوی دەبات، ئەڵێت ئەویش ڕازی بوو لەسەر ئەو ڕێوشوێنە ستەمکارانەی لە دژی  (ابن تيمية) و حەمبەلییەکان گیراوەبەر، بێگومان دەسەڵاتی ئەوکاتەش ئەو قازییەی لەبەر ئەو لاوازی زانست و کەسایەتییەی لەو جیگەیە داناوە.

11 -بەڵام خەڵکی حەقبێژ و خاوەن ئینساف لە ئوممەتی ئیسلام نابڕێت، بۆیە (ابن حجر) باسی ئەوە دەکات کە لە شمس الدين الحريري کە قازی حەنەفییەکان بووە لە دیمەشق و دانی بەوەدا ناوە کە ابن تيمية زانایەکی گەورەیە و سێ سەد ساڵیش دەبێت دونیا زانای وای بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەمەش بوو بە هۆکاری ئەوەی ئەشاعیرەکان ئەو قازییە بە هۆی ئەو قسە حەقەی دەربارەی ابن تيمية کردی لە سەر کارەکەی لابدەن، تاوانی ئەو قازییە تەنها ئەوەبوو پشتگیری لە (ابن تيمية) کردا! ئینجا دەشڵێن ئێمە

بەهۆی زانست و بەبەڵگەی شەرعی زۆربووینە و سەرکەوتووینەتە سەر نەیارەکانماندا.

12 -لەو سەردەمانەدا قوتابخانەکان بە دەستی ئەشاعیرە خۆیانەوە بوو بە حوکمی ئەوەی خاوەن دەسەڵات بوون، بۆیە بەڕێوەبردنی هەمووی بە کەسی ئەشعەری سەرسەخست دەسپێردرا، هەروەها مزگەوت و دادوەرەکانیش هەر خۆیان دایاندەمەزراند، جگە لەوەش خانەقایان هەبوو بەهەمان شێوە دەدرا بە دەستی کەسانی ئەشعەری و ئەوانیش دەبوون بە خاوەن کاریگەری زۆر لەناو کۆمەڵگادا و بەم شێوە نەك بە هۆی زانست و بەڵگەی زانستییەوە مەزهەبی ئەشاعیرە بڵاو بوویەوە.

13 -(ابن تيمية) زۆر کات زیندان دەکرا، دەوری چل ساڵ ئەو زانا بەڕێزە هەر زیندان دەکرا و ئازاد دەکرا و جارێکی تر زیندان دەکرایەوە، ئیتر ناوبەناو قازییەك خاوەن ویژدان پشتگیری لێ دەکرد و داوای ئازادبوونی دەکرد ئەشعەرییەکانیش دەیانوت بەڵێ باشە، بەڵام با تەنازول لە عەقیدەکەی بکات بڵێت پەشیمانم، یان هیچ نەبێت لە هەندێ لە بیروباوەڕەکانی بگەڕێتەوە. جارێکیان کە بە تکای کەسایەتی پایەدارێك ئازاددەکرێت بانگ دەکرێتە قەلعەی دیمەشق و وەکو لە کتێبی (الدرر الكامنة

(دا هاتووە، وا بڵاو دەكرێتەوە كە (ابن تيمية) وتوویەتی بووم بە ئەشعەری كە بێگومان وا نییە، لەبەر ئەوەی پێشەوایەكی گەورەی وەكو ابن تيمية هەموو ژیانی و كتێبە زۆرەكانی شایەتن لەسەر پێچەاونەی ئەو بانگەشەیە، بەڵام ئیتر ئەوەش جۆرێك بوو لە جەنگی دەروونی لە دژی خۆی و شوێنكەوتوانی.

14 -دوای ئازادكردنی لە قاهیرە نیشتەجێ بوو، ماوەیەكی زۆری پێ نەچوو سۆفییەكان لە قەلعەی دیمەشق سكاڵایان لەسەر (ابن تيمية) تۆمار كرد و وتیان قسە بە مامۆستا و مەشایخەكانمان دەڵێت و هەروەها دەڵێت درووست نییە هاوار بە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم بكرێت! بۆیە جارێكی تر فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچوو و بۆ زیندانێك لە شاری ئیسكەندەرییە و پاش ماوەیەك ئازاد كرا.

15 -جارێكی تر بە هۆی ئەوەی ابن تيمية بەڕەحمەت بێت فەتوای لەسەر ئەوەبوو كە تەڵاقی سێ بە سێ یەك دانەی دەكەوێت نەك هەر سێكی، دیسان مەلاكانی ئەو سەردەمە كە زۆربەیان ئەشعەری و سەر بەدەسەڵات بوون، لەساڵی 719 ی كۆچی لە دژی (ابن تيمية) هەڵسانەوەو سكاڵایان لەسەری تۆمار كرد، ئەمەش بە هەمان شێوە

لەبەر ئەو بۆچوونە جیاوازەی بوو لەگەڵیان کە هەندێ لە هاوەڵانیش لەسەر ئەو بۆچوونە بوونە، دیسان زیندان کرایەوە،

16 -جارێکی تر مەلاکانی ئەوکاتە لەسەری هەڵسان بە هۆی فەتوایەکی کە تێیدا وتبووی زیارەتی قەبری پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم یەکێکە لە (قربات) بەڵام درووست نییە بەتایبەت سەفەری بۆ بکرێت، بەڵکو ئەگەر کەسەکە خۆی ڕێی کەوتە مەدینە بۆ ئیشی خۆی دەتوانێت سەردانی قەبرەکە بکات، لەسەر ئەوەش دیسان سەرانی ئەشاعیرە هەڵسان بە زیندانی کردنی.

لەبەر ئەوەی نەیارەکانی ابن تيمية  دەیانزانی دەسەڵات بە دەستی ئەشعەرییەکانەوەیە و دڵنیاش بوون لە هەڵوێستی ئەوان لە دژی  (ابن تيمية)، بۆیە هەمیشە لە جیاتی ئەوەی گفتوگۆی زانستی  لەگەڵ بکەن و قسە و بۆچوونەکانی بە بەڵگە بەرپەرچ بدەنەوە، بەردەوام پەنایان بۆ دەسەڵات دەبرد و ئەوانیش خێرا فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەردەکرد  !

(ابن تيمية) زۆربەی ژیانە پر لە پیرۆزەکەی لە زیندانی ئەشاعیرە جەهمییەکاندا بردەسەر، تەنها لەسەر ئەوەی عەقیدەیەکی ڕاست و

درووستی هەبوو و بەو لادانانەی ئەوان لە ئەسمائوسیفات و قەدەر و بابەتەکانی تری فیقهو شەریعەتدا لەگەڵیان ناکۆك بوو ڕقیان لی بوو،، (ابن تیمیة) لەسەر بنەمای کیتاب و سوننەت و تێگەیشتنی سەلەف بوو و بە مەزن رایدەگرتن، زانایەکی حەقبێژ و بەغیرەت بوو لەسەر دینەکەی، وەکو ئەوان نانی بە زانستی شەرعییەوە نەدەخوارد و بڕیاری کۆتایی دابوو خۆی بە هەموو ساتێکی ژیانیەوە بە قوربانی ئیسلام بکات و تا دوا هەناسە بەرگری لە عەقیدەو لە شەریعەتەکەی بکات، بۆیە زیندانی بە گەشت وگوزار دەزانی و دەیفەرموو چیم لی دەکەن من بەهەشتەکەم لەناو دڵ و سنگمدایە، هەزاران دار لە زینداندا قورئانی خەتم کرد و سەدان کتیبی نووسی و وەڵامی هەزاران پرسیاری دایەوە کە تاکو ئێستا وەکو مەشخەڵێکە بۆ موسوڵمانان، بۆیە دواجاریش هەر لە زینداندا وەفاتی کرد و الله بە کوێرایی چاوی ناحەزەکانی ناوی بەرز کردەوە و کردی بە پێشەوایەکی هەرە خۆشەویستی موسولمانان لە هەموو سەدەکاندا و کردی بە پێشەنگ و سونبولێك بۆ هەمووئیماندار و موەحیدێك.

17 -لەو وتانەی (ابن حجر) لە کتێبی (الدرر الكامنة)دا دەردەکەوێت کە ئەشاعیرە لە دژی (ابن تیمیة) کە کەسایەتییەکی ئیسلامی زۆر زانا و کاریگەر بووە، هەروەها لە دژی شوێنکەوتوانی و شوێنکەوتوانی مەزهەبی حەمبەلی کە ئەهلی فەرموودەو سوننەت بوونە، هەموو ڕێگەیەکی

ناشەرعی و ستەمکارانە وتوندیان لە دژیان بەکارهێناوە و خەڵکیشیان ترساندووە و وتوویانە هەرکێ نەبێتە ئەشعەری حاڵی بە حاڵی ئەوان دەبێت، لە قسەکانی (ابن حجر )دەردەکەوێت کە ئەشاعیرە هەڕەشە و لێدان و زیندانیکردن و خوێن حەڵاڵ کردن و سووکایەتی کردنیان لە دژی نەیارەکانیان بەکارهێناوە.

18 -بەڵگەی هەمو ئەم مەسەلانە و لەمانە زیاتریش لە کتێبی (الدرر الكامنة) دا هاتووە بۆ کەسێك بیەویت بیخوێنێتەوە، لە یوتیوبیش ڤیدیۆیەك لەلایەن بانگخوازیکەوە تۆمار کراوە کە من سوودم لی بینی باس لەم مەسەلە دەکات، بەڵام من خۆم بۆ بەرگی یەکەمی ئەو کتیبە گەڕامەوە و قسەکانی ا(بن حجر) م خوێندەوە کە لە لاپەڕە 144 بەداوە باسی ابن تيمية دەکات و ئەو بەسەرهاتانە دەگێڕێتەوە.

إحسان برهان الدين

8 شوّال 1443

## بنەماو مەرجەكانی ئەشعەری بوون!

ڕێڕەوی ئەشاعیرە كۆمەڵە بنەماوبنچینەیەكی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام سێ لەو بنەمایانە بە بنەمای سەرەكی دەژمێردرێن كە لە ئەهلی سونەت پێی جیا دەبنەوەو بەو هۆیەشەوە بووە، كە ئەوان بوون بە تاقمێكی لادەر و، ئەگەرچی بەزاری خۆیان ئیعتیراف ناكەن، بەڵام لە ڕاستیدا خاڵی هاوبەشی زۆریان لەگەڵ موعتەزیلە و جەهمیە و پێش ئەوانیش لەگەڵ فەلاسیفەدا هەیە.

زانایان دەڵێن: هەر كەسێك ئەو سێ بنچینەو مەرجانەی پێكەوە تێدا مەوجود بێت، ئەوە ئەشعەرییەكی تۆخ و تەواوە ، ئەگەر بۆ نموونە تەنها دانەیەكیانی تێدا بێت، كەواتە بەشێكی لە ئەشعەرییەت تێدایە، ئەمانەش بنەماكانن:

1- پێشخستنی عەقڵ لەسەر نەقڵ: سەرانی ئەشعەرییەت وەكو فخرالدین الرازي و أبو المعالي الجویني وابن فورك و هەموو ئەوانی تر، ئەم بنەمایە بە بنەمایەكی سەرەكی و مەزنی مەزهەبەكەیان دەزانن. بۆ نمونە قال الله و قال الرسول لەلای ئەوان - وەكو زانایەك دەفەرموێت - تەنها خۆی بەس نییە بۆ ئەوەی وەربگیرێت، بەڵكو دەبێت بەفلتەری عەقڵیاندا تێپەڕ بێت و لەوێ مەعناكەی دیاری بكرێت، جا ئەگەر

قایلکەر بوو باشە، ئەگینا ئەو کێشە لەلای ئەشاعیرە دوو حەلی هەیە، یەکەم ئەگەر دەقەکە فەرموودە بێت لە ڕێگەی تانەدان لە سەنەدەکەی ئەگەر ئاحاد بێت چارەسەی دەکەن، چونکە ئەوان فەرموودەی ئاحاد لە عەقیدەدا وەرناگرن با لە بوخاری و موسلم یشدا بێت، ئەگەر بەوە حەل نەبوو، بۆ نموونە ئایەت بوو، ئەوە حەلێکی تریان بۆی هەیە ئەویش ئەوەیە تەئویلی دەکەن و مەعنایەکی تری جیاواز لە زاهیری بۆ دادەنێن، بۆ نموونە: ( وَجَاءَ رَبُّكَ) دەڵێن، ئەوە مەبەستی (وجاء أمر ربك)ە، ئیتر بەو شێوە زۆربەی زۆری ئەو ئایەتانەی لەگەڵ عەقڵیاندا ( کە عەقڵی ئەوانیش لە ژێر کاریگەری و بنەماکانی علم الكلام و فەلاسیفەی یۆناندایە وەکو بنچینە) ڕێکنەکەوێت، بە سووك و ئاسان تەئویلی دەکەن، ئایەتەکە واتایەکی هەیە و ئەوان واتایەکی تریان بۆ داناوە.

2- دابەشکردنی نەقڵ بۆ متواتر و ئاحاد: بنچینەو بنەمای دووەمی سەرەکی ئەشاعیرە بریتییە لەوەی هەرچی فەرموودەو فەرموودەی قودیسش هەیە، دەیانکەن بە دوو بەشەوە، متواتر کە ژمارەیەکی کەمە لە فەرموودەکان و لە پرسەکانی عەقیدەدا وەکو بەڵگە قەبوڵی دەکەن، بەشی دووەمیش پێی دەڵێن ئاحاد، کە ئەمەیان زۆرترینی فەرموودەکانە و هەرچەند سەحیح بێت و با لە بوخاری و موسیلمدا بێت، لە بواری

عەقیدەدا هەر وەریناگرن و ڕەتیدەکەنەوە، تەنها لە باسەکانی فیقهو غەیری عەقیدەدا وەریدەگرن. بەڵام لە مەسەلەکانی بیروباوەڕو عەقیدەدا عەقڵ دەخەنە پێش فەرموودەی ئاحادەوە.

**3- پێویستە هەرچی نەقڵ هەیە(واتە کیتاب سوننەت) تەئویل بکرێت، تاکو لە گەڵ عەقڵدا یەك دەگرنەوە: واتە ئەوەش کە متواتر بوو و وەریانگرت، یان هەر ئایەت و فەرموودەیەکی تر کە لە گەڵ عەقڵ و تێگەیشتنی ئەواندا ڕێکنەکەوێت، بەم بنەمایەی سێیەمەیان چارەسەری دەکەن. واتە بنچینەی یەکەم و دووەمیان لە خزمەتی ئەم بنچینەی سێیەمەدایە،**

**بۆ نموونە: الله تعالی فەرموویەتی: (الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى) طه: 5. ئەوان بەزمانی حاڵ دەڵێن: نابێت! هەرچەند الله فەرموویەتی: (اسْتَوَى) بەڵام خۆی مەعناکەی (استولى) یە،**

**ئەشاعیرە بەم سێ بنەما نامۆیە و بنەمای تریشیان هەیە، کە لە باسەکانی داهاتوودا إن شاء الله باسیان دەکەین، مەودایەکی گەورەیان لە نێوان خۆیان و عەقیدەی سەلەفدا درووست کرد و بە هۆی تعصب و دەمارگیری بۆ مەزهەبەکەیان و، هەروەها بەهۆی ئەوەی لە زۆر لە سەدەکاندا دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو وتوانیویانە زۆرێك لە زانا و ناوداران لە ڕێگەی پێدانی بەڕێوەبردنی قوتابخانە و دار الحديث و ئەو**

شوێنانەی بەدەستیانەوە بووە، بۆ لا خۆیان ڕایان بکێشن و خۆیشیان لە گەڵ ڕۆژگاردا لە بنەما و بنچینە نامۆکانیان لەگەڵ عەقیدەی ئەهلی سوننەتدا ڕۆ بچن و دوورتر بکەوتەوە.

# ئایا ئەشاعیرە زۆرترینن؟

سەرەتا هەڵەیەکی زانستی و مەنهەجییە، زۆرینە بکرێتە پێوەر بۆ ناسینی حەق، بەڵکو خودی حەق کە خۆی لە قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی سەلەفدا دەبینێتەوە دەبێت بکرێتە پێوەری ناسینی حەق. بۆیە بە پێی قۆناغ وکات وخودی خەڵکی، دەکرێت زۆرینە لەسەر حەق بێت و زۆر جاریش زۆرینە لەسەر ناحەقە .

زۆر جار دەبیسین و دەخوێنینەوە دەوترێت: ئەشاعیرە زۆرترینن! جا بە کورتی، با هەر لە سەرەتاوە بڵێین: ئەوە ئیددیعایەکی بێ بەڵگەیە و قسەیەکە سەلماندنی پێویستە.

لێرەدا دوای خوێندنەوە و وردبوونەوە لە قسەی زانایان و ئەوانەی لە ئەنجامی سەرسوڕمانیان لەو بانگەشە بێ بەڵگەیە وەڵامیان داوەتەوە، سەبارەت بەوەی ئایا ئەشاعیرە زۆرینەن یان نا؟ دەڵێم:

1- أبو الحسن الأشعري کە ئەشاعیرە خۆیان دەدەنە پاڵی و لەوەشدا کارەکەیان عەرەب واتەنی: (فيه نظر!) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوە بزانرێت ئەو لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا وەفاتی کردووە و تا ئەو کاتە، واتە: لە هەموو سێ سەدە چاك و پڕ لە خەیرەکەی (القرون

المفضلة) نەك كەس ئەشعەری نەبووە، بەڵكو ئەبولحەسەنی ئەشعەری لەو كاتانەدا هەر لەدایكیش نەبووە.

2- گەورەترین زانایانی ئوممەتی ئیسلام بە ڕەهایی لەو سەردەمانەدا بوونە كە تا ئێستاش و لەوانەیە تا ڕۆژی قیامەتیش دین هەر لەوان وەردەگیرێت، كە لەو سەردەمانەدا ئەشعەری جارێ لەدایكیش نەبوو بوو، ئیتر چ مەعنایەك بۆ باسكردنی زۆرینەی و كەمینە؟ لە كاتێكدا یەكێك لەو زانا و پێشەوا گەورانەی سێ سەدەكە كەسیان ئەشعەری نەبوونە و بەڵكو پێچەوانەی عەقیدەی ئەشاعیرەش بوونە، بۆ نموونە چوار پێشەوایانی مەزاهیبەكان و سەرانی فەرموودەناسان و خاوەن كتێبەكانی فەرموودە وەكو بوخاری و موسلیم و ئەوانی تر و سەدان و هەزارانی تر لە سەروەران و پێشەوایانی ئوممەت، كە دینیان لێ وەردەگیرێت ئەوانە هەموویان لە پێش سەردەمی ئەشعەری ژیاون.

3- عەقیدەی ئەشاعیرەو فیرقەكانی تریش بەهەمان شێوە، لەسەر بنەمای علم الكلام و فەلسەفە و مشتومڕ وجەدەلی دووردرێژو قوڵ و وشك و بێ تام دامەزراوە، ئەوان لە باسەكانی عەقیدەدا، باسی (جوهر و عرض و القانون الكلي و الكلام النفسي) و دەیان زاراوەی سەیروسەمەرەو نامۆ بە كیتاب و سوننەت باس دەكەن، كوا خەڵكی عەوام كە زۆرینەی

خەڵكن، لە هیچ سەردەمێكدا لەو عەقیدە قورسەی ئەشاعیرە تێگەیشتوون تاكو بوترێت زۆرینە ئەشعەری بوونە؟! بەڵكو ئەوە تەنها تاقمێك بوونە لە زانایان و شارەزایان لە علم الكلام و زاراوەی فەلاسیفەو ویستوویانە عەقیدەی ئیسلامیش وەكو بوونی پەروەردگار و پرسەكانی تر بەو ڕێگانە بسەلمێنن، كە ئەگەرچی ئەوان مەبەستیان خزمەتی ئیسلام وزانستیش بووبێت، بەڵام ڕێگەی ڕاستیان لێ ون بووەو گوایە لە ڕێگەی فەلسەفەو مەنتیق وعلم الكلام بە حەق وئیمانی تەواو بگەن!

ئەگەر بەڵگەشت دەوێت لەسەر نامۆیی ئەو قسەوباس و زاراوانەی بەكاری دەهێنن، ئەتوانیت كتێبەكانی سەرانی ئەشاعیرە بخوێنیتەوە، بزانە چەند وشك و قورسە تێگەیشتنیان؟ هەر بۆ نموونە دەتوانن تەماشایەكی ئەم كتێبانە بكەن بزانە تیگەیشتنیان ئاسانە یان لەئەوپەری وشكی و قورسیدایە چونكە پڕە لە بۆچوون و زاراوەی فەلسەفەو علم الكلام: (أساس التقديس، اصول الدين ، مشكل الحديث وبيانه ، الإرشاد إلى قواطع الأدلة في أصول الاعتقاد ، الإنصاف، الاقتصاد في الإعتقاد، الخريدة، الجوهرة، المواقف ، لمع الاعتقاد، نهاية الإقدام....).

4- هەر بە بۆنەی ئەو عەقیدە قورس و نامۆیە كە پێچەوانەی عەقیدە سووك و ئاسان و گونجاو لەگەڵ فیترەتەكەی قورئان وسوننەتەدا، كە مەحاڵە خەڵكی عەوام وزۆرینەی زۆری خەڵكی لە هیچ سەردەمێكدا لێی

تێگەن، سەرانی ئەشاعیرە خۆیان ناکۆکی لە نێوانیاندا درووست بوو، ئایا ئەو خەڵکە عەوامەی کە لەو عەقیدەی ئەشاعیرە ناتوانن تێبگەن، ئیماندارن سەرەڕای ئەو جەهلەیان، یان بەو جەهلە بێ ئیمان دەبن؟ هەر بۆ نموونە:

-تقي الدين المُقتَرَح کە لە ساڵی 612ی کۆچی وەفاتی کردوەلە «شرح الإرشاد» (142/1). هەورەها ابن عرفة کە لەساڵی 803ی کۆچی وەفاتی کردووە لە «المختصر الكلامي» لاپەڕە(111) و لە زۆر لە کتێبەکانی تری ئەشاعیرە باس لە خیلاف کراوە ئایا عەوام ئیماندارن یان نا، یەکێکیش لە قەولەکان لە خەڵکی عەوامدا ئەوەیە کافر دەبن.

لە لای متأخرين ی ئەشاعیرەش بەهەمان شێوە سەبارەت بە عەوامی خەڵکی کە لەو عەقیدە قورسە تێناگەن خیلافەکە باسکراوە و یەکێك لە ئەگەرەکان کافر بوونیانە، وەکو علي بن خليفة کە لە ساڵی 1172ی کۆچی وەفاتی کردوە لە هۆنراوەی (الرياض الخليفية)دا دەڵێت:

إذ حرفَةَ التقليد لا يرضى بها ...... ذو هِمَّةٍ فاسلُك سبيلَ أمانِ

فيه اختلافٌ بينهم في حكمِه ...... بالكُفر والإيمان والعصيانِ

-5کەواتە سەوادی خەڵك و زۆرینەی ڕەهای عەوام ، لە هیچ سەردەمێکدا لەسەر عەقیدەی ئەشاعیرە نەبوونە، چونکە نەیانتوانیوەو ئێستەش ناتوانن لەو عەقیدە تێبگەن، ئیتر چۆن دەکرێت پێیان بوترێت

ئەشعەری؟ لەبەرانبەریشدا بێ گومان زۆرینەیان لەسەر عەقیدە ئاسان وخاوێنەکەی ئەهلی سوننەت وسەلەف بوونە، کە هەموو کەسێك بەبێ هیچ گرانییەک لێی تێدەگات، چونکە نە فەلسەفە و نە قوڵبوونەوە و ڕۆچوون لە زاراوەکانی علم الكلام و نە هیچ بەربەست و ئاستەنگێک لەو بارەوە لەبەردەم تێگەیشتنیاندا نەبووە، ئێستەش بەهەمان شێوەیە، خەڵکی عەوام و سەوادی هەرەگەورەی ئەوان لە عەقیدەی ئەهلی سونەت دەتوانن تێبگەن، نەك لە عەقیدەی فیرقەکان، کە بۆ ئەوەی بوونی الله بسەلمێنن، خەریکە مرۆڤ بێ ئیمان ئەکەن و سەری لێ دەشێوێنن بەباسی جەوهەر و عەرەزو و قسەی فەلسەفی دووردرێژ و ناخۆش..

6- ئینجا ئەوەی کە دەوترێت فلانە وڵات، یان شارو شوێنێکی دیاری کراو کە زۆرینەی ئەشعەری بوونە، ئەوەش هەر وا نییە، چونکە ئەوە تەنها مەبەست لە کۆمەڵە زانایەکی ئەشعەری بووە کە ناودار بوونە و خەریکی ئەو باسانە بوونە، نەك هەموو خەڵکی ئەو دەڤەرە خەریکی ئەو باس و خواسانەی ئەشاعیرە بووبن! چوونکە ئەسڵەن هەر لێی تێنەگەیشتوون تاکو خۆیان بکەن بە خاوەنی و ئینتیسابی بۆ بکەن.

7- بەڵكو لە ڕووی مێژوویی و بەبەڵگەی زانستی حاشا هەڵنەگرەوە، زۆرینە هیچ سەردەمێك ئەشاعیرە نەبوونە، ئەم حەقیقەتەش لەناو كتێبی چەندین لە سەران و زانایانی بەناوبانگی ئەشاعیرەدا هاتووە، بۆ نموونە:

-ابن عساكر، كە گومان نییە لەوەی یەكێكە لە زانایانی ئەشاعیرە و لە ساڵی 571ی كۆچی وەفاتی كردوە، لە كتێبی (تبيين كذب المفتري فيما نسب إلى الإمام أبي الحسن الأشعري) لە لاپەڕە (331)دا دەڵێت: ئەوەی كە بوترێت زۆرینەی خەڵكی لە هەموو سەردەمەكاندا و زۆربەی خەڵكی عەوام لە هەموو شارو وشوێنەكاندا ئەشعەری نین و تەقلیدی ئەشعەری ناكەن و مەزهەبەكەی پەسەند ناكەن و باوەڕیان پێی نییە،كە ئەوانە زۆرینەو سەوادی ئەعزەمن، لە وەڵامدا دەڵێین بە زۆرینە نییە و ئەوانە تێنەگەیشتوون و جاهیلن كە ئەشعەری نین!!...ئەمە وتەی ابن عساكر ە لە كتێبەكەیدا وبەڕوونی باس لەوە دەكات غەیری ئەشاعیرە زۆرینەن و ەشاعیرە كەمینەن، هەر بۆیە دانەری كتێبی (جمع الجيوش والدساكر على ابن عساكر) لە لاپەڕە 283دا دەڵێت: ئەو قسەی ابن عساكر سەلمێنەری ئەوەیە كە وتمان سەبارەت بەوەی لە سەردەمی ئەوو پێش ئەو سەردەمەش غەیری ئەشاعیرە زۆرتر بوونە وئەوان بایەخیان نەبووە، ئینجا ناوی چوار سەد زاناو فەرموودەناس وپێشەوا دەخاتەڕوو ،كە هەموویان نەیاری ئەشاعیرە بوونە وزەمی ئەوانیان كردووە.

-بەڵگەیەکی تریش لە کتێبی زانایەکی مەشهورو بەناوبانگی ئەشاعیرە کە ئەویش (ابو حامد الغزالي) یە کە لە ساڵی 505ی کۆچی وەفاتی کردووە، لە کتێبی (إلجام العوام عن علم الكلام)دا دەڵێت: (وأما إثبات موجود في الاعتقاد على ما ذكرناه من المبالغة في التنزيه شديد جداً بل لا يقبله واحد من الألف لا سيما الأمة الأمية) وەکو دەردەکەوێت غەزالی دەڵێت بەشێك لە عەقیدەی ئەشاعیرە لە هەزار یەك کەس قبوڵی ناکاتت بەتایبەتی خەڵکی ئوممی و نەخوێنەوار، بێگومان لەبەر ئەوە تێناگەن چونکە عەقیدەیەکی قورسە و لەگەڵ فیترەتی مرۆڤەکاندا ناجۆرە.

-هەروەها العز بن عبدالسلام دان بەهەمان حەقیقەتدا دەنێت و لە کتێبی قواعد الأحكام ( 202/1 )دا دەڵێت: (فإن اعتقاد موجود ليس بمتحرك ولا ساكن ولا منفصل عن العالم ولا متصل به , ولا داخل فيه ولا خارج عنه لا يهتدي إليه أحد بأصل الخلقة في العادة , ولا يهتدي إليه أحد إلا بعد الوقوف على أدلة صعبة المدرك عسرة الفهم) واتە باوەڕهێنان بە مەوجودێك (مەبەستیان الله یە) کە نە جوڵاوەو نە وەستاوە و نە لە جیهان دابڕاوەو نە پەیوەستە پێوەی، نە لەناو جیهاندایە و نە لە دەرەوەی، دەڵێت ئەمە هەمووکەسێك ناتوانێت لێی تێبگات، مەگەر دوای تێکەیشنی نەبێت لە کۆمەڵە بەڵگەیەکی قورس و ئەستەم بۆ تێگەیشتن. بەدوایدا دانپێدانێکی ڕوونتر دەکات و دەڵێت ) :لأن الشرع إنما عفا عن المجسمة لغلبة التجسم على الناس) دەڵێت زۆربەی خەڵکی

موجەسیمەن، واتە زۆر لە ئەشعەرییەتەوە دوورن و ناتوانن لە عەقیدە ئاڵۆزەکەی ئەشاعیرە تێبگەن، بۆیە شەرع لێیان خۆش دەبێت.

**8-** ئەگەریش بڵێین لە هەندێ قۆناغی مێژوویدا زۆرینە بوونە، یان ئێستا زۆرن، هۆکاری ئەوە زۆرییەش پەیوەندی بە ڕاست و درووستی عەقیدەکەوە نییە، بەڵکو هۆکاری تری لە پشتە، لەوانە:

-لە پاش هەرەس هێنانی فیکری موعتەزیلەکان، ئیتر ئەشاعیرە لەسەر زەمینەی واقیعدا و لەسەر حیسابی ئەوان بڵاوەیان کرد و هەر لەو سەروبەندەشدا ولەبەرانبەر نەیارەکانیان و بەتایبەتی موعتەزیلە خۆیانیان وەکو ئەهلی سوننەت و جەماعەت ناساند.

-لەو سەردەمانەی کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە، کە تاکو ئێستاش کاریگەرییان لە دەسەڵاتدا هەر هەیە، زۆر دەمارگیرانە و بێ ڕەحمانە مامەڵەیان لەگەڵ نەیارەکانیاندا کردووە، هەرچی قوتابخانە و ئیش و کاری فەرمی و پلەوپایە هەیە بۆ خۆیان و ئەوانەی لایەنگری خۆیانن قۆرخیان کردبوو، چاکترین نمونەو بەڵگەش لەسەر ئەوە، شيخ الإسلام ابن تيمية بوو، لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی ابن حجر العسقلاني (الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة) بە ڕوونی باس لەو ستەم و زۆرە دەکات کە ابن تيمية بە هۆی فتواو کتێبەکانی لەسەر دەستی ئەشاعیرە تووشی بووە کە بەو هۆیەوە زۆربەی ژیانی لە زیندانەکانی ئەشاعیرەدا بەسەر

بردووه. بۆیە ئەوان لە ڕێگەی تەرغیب و تەرهیبەوە توانیان نەیارانی خۆیان بترسێنن و خەڵکیش -کورد واتەنی - خۆشیان بێت و ترشیان بێت.بیانکەن بە شوێنکەوتووی خۆیان.

# ئایا ئەشاعیرە
# شوێنکەوتووی ئەبولحەسەنی ئەشعەرین؟

ئەمە پرسیارێکە زانینی وەڵامەکەی زۆر گرنگە، ئایا ئەشاعیرە کە بەنازناوەکەیان بێت سەر بە ئەبولحەسەنی ئەشعەرین، لە حەقیقەتدا شوێنکەوتووی بەئەون؟ ئەگەر لە بنچینەو بنەماکانی مەزهەبەکەیاندا ڕەچاوی عەقیدە و تێگەیشتنی ئەبولحەسەنیان کردبێت، ئەوە ڕاستە ئەوان شوێنکەوتووی ئەون، ئەگەرنا، لە ڕووە زانستییەکەوە شوێنکەوتووی ئەو نین، با ئەو ناوەش لە خۆیان بنێن.

گرنگە بزانین أبو الحسن الأشعري کە لە سەر بۆچوونی پەسەند لە دەوروبەری ساڵی 324ی کۆچی وەفاتی کردووە، چل ساڵ لەسەر ڕێڕەوی موعتەزیلەکان بووە و، لەگەڵ سەرگەورەی موعتەزیلەکاندا کە أبو علي الجبائي بووە لە یەك ماڵدا ژیاون، لە دوای ئەوە حەقیقەتی گومڕایی موعتەزیلەکانی بۆ دەرکەوتووە و لەسەر مینبەرەوە وەکو ابن النديم لە کتێبی (الفهرست ل225) دا دەڵێت، وتوویەتی: خەڵکینە، ئەوەی دەمناسێت دەمناسێت، ئەوەشی نامناسێت خۆمی پێ دەناسێنم، من فڵانی کوڕی فڵانم، قەناعەتم وا بوو کە قورئان مەخلوقە و الله بەچاو نابینرێت و وامدەزانی کردەوە خراپەکانم خۆم درووستی دەکەم، بەڵام من لەو بیروباوەڕانە تەوبە دەکەم و بەرپەرچی موعتەزیلە دەدەمەوە

ولەدوای ئەوە دەستی کرد بە بەرپەرچدانەوەو هەڵماڵینی پەردە لەسەر بیروبۆچوونەکانیان. ئەمەش جگە لە ابن النديم زۆرێك لە زانایان و مێژوونووسانی تر باسیان کردووە.

دوای ئەوە بۆ ماوەیەك ئەبولحەسەنی ئەشعەری چووەتە سەر ڕاوبۆچوون وعەقیدەی (عبد الله بن سعيد بن كُلاّب)، کە ئیمام ئەحمەد زۆر توند بووە لە دژی ئەوکەسە بە هۆی عەقیدەکەیەوە، وەکو لە کتێبی " سير أعلام النبلاء " (380/14)دا هاتووە.بەڵکو وەکو ابن تيمية لە کتێبی ( في درء تعارض العقل والنقل) (6/2)دا دەگێڕێتەوە ئیمام ئەحمەد زۆر بەرانبەر الحارث المحاسبي ش توند بووە تەنها لەبەر ئەوەی لە ابن كُلاّب نزيك بوو و لەسەر مەزهەبی ئەو بووە لە عەقیدەداە،:ئەمەش بە قۆناغی دووەمی فیکرو عەقیدەی ئەبولحەسەن دادەنرێت کە لە هەندێ مەسەلە لەسەر مەزهەبی ئەهلی سوننە بووەو لە هەندێکی تردا پێچەوانەیان بووەە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی مەزهەبێکی جیاواز بووە لە مەزهەبی ئەهلی سوننەت و جەماعەت.

ئەوەی کە هەیە هەر ئەوەندەیە بەراورد بە قۆناغی یەکەمی موعتەزیلە بوونی، ئەبولحەسەنی ئەشعەری ئەم قۆناغەی جۆرێك بووە لە نزیك بوونەوەی لە عەقیدەی سەلەف ئەگەرچی تەواو لە بازنەی هیدایەتدا نەبووە. بۆیە لەم قۆناغەدا ئەبولحەسەنی ئەشعەری ڕاستە لەسەر فیکرە و بیروباوەڕی ئیعتیزال نەماوەتەوە، بەڵام نە بەتەواویش بۆ

مەنهەجی ئەهلی سوننەت نە گەڕاوەتەوە، چۆن بڵێی لە عەقیدەدا لە نێوان هیدایەت و گومڕاییدا بووە.

لێروشەوە خیلاف لە نێوان زانایان و مێژوونووساندا درووست بووە، هەندێك پێیان وایە أبو الحسن الأشعري تاكو مردنی، لەسەر ئەو عەقیدەیە ماوەتەوە و لەڕاستیدا ئەشاعیرەكانی دوای خۆی و ئەم ڕۆژگارەش لەسەر عەقیدەی ئەشعەرین لەو قۆناغەدا، ، هەندێكیش وەكو ابن كثير ی موفەسیری قورئان وزانای تر، پێیان وایە أبو الحسن لەدوای ئەو قۆناغە، ئینجا بە تەواوی خۆی لەو بیروباوەڕە موخالیفانەی ابن كلاب یش پاك كردووەتەوەو گەڕاوەتەوە سەر مەزهەبی ئەهلی سوننەت و چووەتە سەر مەزهەب و تێگەیشتن و عەقیدەی ئەحمەدی كوڕی حەمبەل، بەڵگەش لەسەر ئەوە نووسینێتی بۆ كتێبی(الموجز) و(مقالات الإسلاميين) و (الإبانة في أصول الديانه) كە دوا كیتابەكانی لە ژیانیدا نووسیوێتی و تێیدا لە زۆربەی مەسەلەكاندا، عەقیدەی سەلەفی بڕیارداوەو لەسەری جێگر بووە.

با لێرەدا هەندێك لە بیروباوەڕو عەقیدەی أبو الحسن الأشعري بخەینەڕوو، كە لەو كتێبانە وەریدەگرین لە كۆتا قۆناغ و كۆتایی تەمەنیدا نووسیوێتی، بزانین ئەشاعیرەی سەردەمەكانی دوای خۆی لەسەر عەقیدەی ئەون، یان نەخێر ، پێچەوانەی ئەو عەقیدەن:

**1- ئەبولحەسەنی ئەشعەری لە کتێبی (الإبانة في أصول الديانة)دا دەڵێت: الله تعالى لەسەر عەرشی خۆیەتی و ئینجا ئەم ئایەتەی هێناوەتەوە: ( الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى) الله تعالى دوو دەستی هەیە بەبێ دیارییکردنی کەیف و چۆنێتی ئەو دەستە، ئەم ئایەتەشی هێناوەتەوە: ( خَلَقْتُ بِيَدَيَّ ) هەروەها ئایەتی ( بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ ) هەروەها وتوویەتی الله چاوی هەیە بەبێ دیاریکردنی چۆنێتی: ( تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا) ئینجا دەڵێت الله وەجهی هەیە:( وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلالِ وَالْإِكْرَامِ) دوای ئەوە باسی عەقیدەی خۆی دەکات لەوەی کە ئیمان قەولەو عەمەلە، زیادو کەم دەکات، هەروەها بە ڕاشکاوی وتوویەتی عەقیدەم وایە وەکو لە فەرمودەداهاتووە کە الله بۆ ئاسمانی دونیا دادەبەزێت و دەفەرموێت: کێ داوای لێخۆشبوون دەکات لێی خۆش بم؟ ئینجا باسی باوەڕی بە فەرموودەکانی رسول الله دەکات وهەروەها بە وەرگرتنی لە قورئان و لەفەرموودە و ئەم ئایەتە دەهێنێتەوە:( فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ) دوای ئەوە باسی باوەڕو عەقیدەی خۆی دەکات لە شوێنکەوتنی سەلەف و دەڵێت نابێت هیچ بیدعەیەك لە دیندا ئەنجام بدرێت و دەڵێت ئێمە لەسەر مەزهەب و ڕێبازی سەلەفین هەرچییان وتووە ئێمەش ئەوە دەڵێین .**

**2-** أبو الحسن الاشعري له كتێبی (رسالة إلى الثغر بباب الأبواب) داهەموو سیفەکانی الله عزوجل جێگیر دەکات و وەکو خۆی و بەبێ گۆڕینی واتاکانی باوەڕی پێیەتی و دەڵێت: (وأجمعوا على إثبات حياة الله عز وجل لم يزل بها حيا وعلما لم يزل به عالما وقدرة لم يزل بها قادرا وكلاما لم يزل به متكلما وإرادة لم يزل بها مريدا وسمعا وبصرا لم يزل به سميعا بصيرا). له دوای ئەوەش دەڵێت: ( وأجمعوا على أنه عز وجل يسمع ويرى وأن له تعالى يدين مبسوطتين وأن الأرض جميعا قبضته يوم القيامة والسموات مطويات بيمينه من غير أن يكون جوارحا وأن يديه تعالى غير نعمته، وقد دل على ذلك تشريفه لآدم عليه السلام حيث خلقه بيده وتقريعه لإبليس على الاستكبار عن السجود مع ما شرفه به بقوله ( ما منعك أن تسجد لما خلقت بيدي ) واته: بەدیاری کراوی دەڵێت دەست حەقیقەتی شایستەی بە الله هەیە و مەعنای نیعمەت نییە و جگە لە هێنانەوەی بەڵگەی ئایەتەکان بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە الله فەرموویەتی ئادەمم بە دەستی خۆم درووست کردووە و سەرکۆنەی ئیبلیسی کردوە لەسەر خۆبەزلزانینی ئەو و سەجدە نەبردنی بۆ ئەوکەسەی الله بەدەستی خۆی درووستی کردووە.

**ئینجا دەڵێت:** ( وأجمعوا على أنه عز وجل يجيء يوم القيامة والملك صفا صفا لعرض الأمم وحسابها وعقابها وثوابها فيغفر لمن يشاء من المذنبين ويعذب منهم من يشاء). لێرەشدا وەکو بەڕاشکاوی دیارە سیفەتی هاتن بۆ الله تعالى جێگیر دەکات و باوەڕی پێیەتی و ئایەتەکان بەبێ تەئویل

کردن وگۆڕینی واتاکانی وەکو بەڵگە دەهێنێتەوە، کە ئەمە خاڵێکی دابڕان و جیاوازی سەرەکییە لەگەڵ سەرانی ئەشاعیرەی دوای خۆیدا.

دوای ئەوە بە ڕوونی و بەڕاشکاوی، بەرزی الله و (استواء)ی الله لەسەر عەرشی خۆی جێگیر دەکات و بە (استولی) و هیچ واتایەکی تر تەئویلی ناکات و دەڵێت: (وأنه تعالى فوق سمواته على عرشه دون أرضه وقد دل على ذلك بقوله ( أأمنتم من في السماء أن يخسف بكم الأرض ) وقال:

( إليه يصعد الكلم الطيب والعمل الصالح يرفعه ) وقال ( الرحمن على العرش استوى ) وليس استواؤه على العرش استيلاء كما قال أهل القدر لأنه عز وجل لم يزل مستوليا على كل شيء). واتە خۆی لە قەولی قەدەرییەکان بەری دەکات کە وتوویانە (استوی) بە مەعنای (استولی) دیت و دەڵێت وا نییە و هەر بەحەقیقەت ئیستوای کردووە و سەرانی ئەشعەرییەت چەندین سەدەیە کی باوەڕی بەو شێوە بێت و واتای ئایەتەکە وەکو خۆی لێی تێبگات بەبێ تەئویل کردن، پێی دەڵێن موجەسیمە و بەو واتا بێت ئەبولحەسەنی ئەشعەریش موجەسیمەیە.

3- أبو الحسن الأشعري لە سەرەتاکانی کتێبی (الإبانة في أصول الديانة)دا زۆر بە ڕوونی، باس لە دەستگرتنی بە کیتاب و سوننەت و ڕێبازی هاوەڵان

و سەلەف لە پێشەوایانی أهل الحدیث دەكات و بەتایبەتی باس لەوە دەكات كە ئەو لە عەقیدەدا لەسەر مەزهەب و تێگەیشتی پێشەوا ئەحمەدی كوڕی حەمبەلە كە عەقیدەی ئەو دیارە بۆ هەموو خاوەن زانستیك چۆن بووە وچەند لەگەڵ عەقیدەی ئەشاعیرەی دوای ئەشعەری جیاوازی هەیە، دەڵێت :

(قولنا الذي نقول به وديانتنا التي ندين بها التمسك بكتاب الله ربنا عز وجل وبسنة نبينا محمد وما روي عن السادة الصحابة والتابعين وأئمة الحديث ونحن بذلك معتصمون وبما كان يقول به أبو عبدالله أحمد بن محمد بن حنبل نضر الله وجهه ورفع درجته وأجزل مثوبته قائلون ولما خالف قوله مخالفون) ئینجا لە دوای وەسف و سەنایەكی زۆر بۆ پێشەوا (أحمد حنبل) دەڵێت) :وأن له سبحانه وجها بلا كيف كما قال ( ويبقى وجه ربك ذو الجلال والإكرام )وأن له سبحانه يدين بلا كيف كما قال سبحانه ( خلقت بيدي ) وكما قال ( بل يداه مبسوطتان ) وأن له سبحانه عينين بلا كيف كما قال سبحانه ( تجري بأعيننا ) واته جارێكی تریش لەم كتێبەدا بە پێچەوانەی ئەشاعیرەكانی دوای خۆی (ید) و(وجه) بەبێ تأویل كردن بۆ الله عزوجل ثابت دەكات و ئایەتەكان لەسەری وەكو بەڵگە دەهێنێتەوە ، ناڵێت دەست مەعنای نیعمەت ودەسەڵاتە، یان بڵێت (وجه (مەعنای زاتە و ئەو جۆرە تەئویل وگۆڕینە ناكات لە واتای دەقەكاندا. لە ڕاستیدا كتێبی (الإبانة) بە شێوەیەكی گشتی پێچەوانەی عەقیدەی ئەشاعیرەیە لەم سەردەمەدا، بەتایبەتی لە مەسەلەی صفات

و وعلو و ئیمان و مەسەلەی تریش، وەکو ئەوەیە کتێبی زانایەك بێت لە نەیارانی ئەوان لە عەقیدەدا، نەك دامەزرێنەر و پێشەوای مەزهەبی ئەوان بێت.

بێگومان من لێرەدا تەنها دەمەوێت چەند نموونەیەکی کەم بهێنمەوە لە عەقیدەو بیروباوەڕی ئەبولحەسەنی ئەشعەری بە مەبەستی گەیشتن بەوەی ئایا ئاشاعیرە لە سەردەمەکانی پێشوودا و لەم سەردەمەی خۆیشماندا عەقیدەیان وەکو ئەو پێشەوایە بووە یان نا؟

لە ڕاستیشدا عەقیدەی ئەشاعیرە جیاوازە لە عەقیدەی ئەبولحەسەنی ئەشعەری کە ئەو بە پێشەوای خۆیان دەزانن، هەرکەسێکی ئەشعەری کەمێك شارەزایی هەبێت و دوور بێت لە دەمارگیری، دەزانێت کە ئەشاعیرە عەقیدەیان نە لە سیفات و نە لە (استواء) و نە لە ڕەچاوکردنی عەقیدەی سەلەف و پێناسەی ئیماندا، وەکو عەقیدەی ئەشعەری خۆی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا با چەند نموونەیەك لە وتەی سەرانی ئەشاعیرەی دوای ئەشعەری بهێنینەوە، ئاخۆ یەك عەقیدەیان هەیە یان دوو عەقیدەی جیاواز:

1- ابن فورك كە یەکێکە لە زانا گەورەکانی ئەشاعیرە و لە ساڵی 406 ی کۆچی وەفاتی کردووە، لە کتێبی (مشكل الحديث وبيانه)دا،دەڵێت: (واعلم أنه ليس ينكر استعمال لفظ اليد على معنى النعمة ، وكذلك استعماله على معنى الملك والقدرة ) بەمەش لە ئەسڵێکی گەورەی پێشەواکەی لایدا و وەکو دیارە بە پێچەوانەی تێگەیشتن و عەقیدەی ئەبولحەسەنی مامۆستای تەئویلی واتای (ید) دەکات ودەڵێت مەعنای نیعمەتە و دەسەڵاتە. ئەمەش تەنها بۆ نموونە هێناومەتەوە ئەگینا ئەوە جێگای یەکدەنگییە لەلای ئەشاعیرە کە دەست مەعنای نیعمەت و قودرەت و ئەو جۆرە واتایانەیە، نەك دەست وەکو لە زاهیری ئایەتەکە دەردەکەویت.

2- ئەشاعیرە، بە پێچەوانەی ئەبولحەسەنی ئەشعەری (استواء) جێگیر ناکەن و بۆ (استولى) دەیگۆڕن، (مجىء) ش دەگۆڕن و دەڵێن هەرچەند الله فەرموویەتی (وجاء ربك) ئەوە مەبەست لە هاتن نییە، بەڵکو واتای هاتنی فەرمانی الله دەگەیەنێت نەك بە خۆی بێت، واتە ئەشاعیرە قەیدوشەرت لەسەر واتاکانی قورئان دادەنێن، ئایەتەکە واتایەکە و تۆ ئەبێت بەپێی مەزهەبی ئەشاعیرە بە واتایەکی تر لێی تێبگەیت !

الفخر الرازي کە یەکێکە لە گەورەترین زانایانی ئەو مەزهەبە و لە ساڵی 606ی کۆچی وەفاتی کردووە، لە کتێبی ( أساس التقديس )ص 103 .

واتای هەموو ئەو ئایەتانە وەکو خۆی جێگیر ناکات و دەیانگۆڕێت وتەئویلیان دەکات و بە پێچەوانەی ئەشعەری لێیان تێدەگات ودەلێت: (المراد هل ينظرون إلا أن تأتيهم آيات الله ، فجعل مجيء آيات الله مجيئاً له على التفخيم لشأن الآيات ، كما يقال: جاء الملك إذا جاء جيش عظيم من جهته . أو يكون المراد : هل ينظرون إلا أن يأتيهم أمر الله ... أما قوله ( وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفّاً صَفّاً) إما وجاء أمر ربك ، أو جاء قهر ربك) . واتە (مجیء) بەهەموو شێوەیەك ڕەتدەكاتەوە كە لەسەر حەقیقەتی هاتن بێت و مەعنای تری بۆ دادەنێت.

فخر الدين الرازي لە کتێبی( أساس التقديس) ل 156، هەروەها الآمدي لە کتێبی (غاية المرام) ل141:دەڵێن مەعنای (الاستواء) بە ( الاستيلاء والقهر ونفاذ القدر وجريان الأحكام الإلهية) واتە بەواتای دەسەڵات و جێبەجێکردنی ویست و قەدەری خۆی دێت، کە ئەمە تەئویل و گۆڕنیکی زۆر ڕاشکاوانەیە بۆ قەولی الله تعالى و بەتەواوەتی پێچەوانەی وتەو عەقیدەی ئەبولحەسەنی ئەشعەرییە. زانایان و پێشەوایانی گەورەی ئەشاعیرە لە کتێبەکانیاندا واتای ئایەتیکی زۆر تەئویل دەکەن و واتایەکی تری بۆ دادەنێن، کە ئەوەش خاڵێکی جیاوازی گەورەو لێکدابڕانی عەقیدەی ئەهلی سونەت و ئەشاعیریە.

بەڵکو (ابن حجر الهيتمي) كە یەكێكە لە زانا ناودارو گەورەكانی ئەشاعیرە لەسەردەمانی دوای ئەشعەری خۆیدا، تەكفیری ئەو كەسە دەكات باوەڕی وابێت الله جیهەتی هەیە و لەسەر عەرش بێت و لە كتێبی: (الفتاوى الحديثية) (ص151 – 154) : «من اعتقد الجهة في حق الله جل وعلا فهو كافر بالإجماع، ومن توقف في كفره فهو كافر... هەروەها لە كتێبی: «الفتاوى الكبرى الفقهية» (ص10) دەڵێت: (وقال جماعة من الأئمة بكفرهم) چونكە ئەوان بە گومان و بۆچوونی خۆیان دەڵێن ئەگەر كەسێك باوەڕی بەوە بێت الله بە زاتی لەسەر عەرشە ئەوە جیهەتی بۆی دیاریكردەوەو هەر كێیش جیهەتی بۆ دیاری بكات كافر دەبێت، بەڵكو ئەوەش كە ئەو كەسە بەكافر نەزانێت وەكو ابن حجر الهيتمي دەڵێت ئەویش هەر كافر دەبێت، بۆیە لە سەیرو سەمەرەكانی عەقیدەی ئەشاعیرە ئەوەیە، كەسی ئەشعەری مەزهەب، دەبێت ئایەتەكە وەكو خۆی بخوێنیتەوە، بەڵام باوەڕی بەمەعنای تر بێت، جیاواز لە ڕوالەتی ئایەتەكە، نابێت كەسیش ڕەخنەی لێبگرێت لەو تناقض و تێكگیرانە، ئەگینا بە (مجسمة) و بە كۆمەڵێك ناووناتۆرەی تر تۆمەتباری دەكەن.

3- ئەشاعیرە (العين) بۆ الله بەهەموو شێوەیەك تأويل دەكەن وبەمەعنای تر لێكی دەدەنەوە، لە كاتێكدا أبو الحسن الأشعري ئیسپاتی دەكات و بەڕاشكاوی دەڵێت مەبەستی چاوە لەسەر حەقیقەت نەك

مەعنای تری هەبێت. عبدالقاهر البغدادي كە لە ساڵی 429ی كۆچی وەفاتی كردوە، لە كتێبی (أصول الدين) ل129-130 بە هەموو شێوەیەك (عين) تأويل دەكات و دەڵێت ئەوە موجەسیمەكانن دەڵێن چاوی هەیە ، ئەگینا دەڵێت چاو مەبەستی بینین و چاودێری كردن و هەندێ واتای ترە. بەهەمان شێوە فخرالدين الرازي لە (أساس التقديس)دا تأويل ی چاو دەكات بۆ مەعنای تر. ئەمە تەنها بۆ نموونە ئەگینا هەموو سیفاتە خەبەری و ئایەتی تریش تەئویل دەكەن و تەئویل كردن وەكو پێشتریش وتوومە ئەسڵ و بنەمایەكی بنچینەیی لەلای ئەشاعیرە لە مامەڵە كردنیان لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا.

لەم بەراوردانەدا لە نێوان عەقیدەی ئەبولحەسەنی ئەشعەری و عەقیدەی ئەشاعیرەكانی دوای ئەشعەری، وەكو ابن فورك و الجويني و الرازي و البغدادي وزۆری تر، دەردەكەوێت جیاوازییەكی زۆر لە نێوانیاندا هەیە و ئینتیسابی ئەشاعیرەی دوای ئەشعەری بۆ ئەبولحەسەنی ئەشعەری بەو شێوە نییە، بەڵكو ڕاست ئەوەیە وەكو زانایان فەرموویانە بوترێت، ئەوان لەسەر مەزهەبی ئەشعەرین بەڵام پێش قۆناغی گەڕانەوەی بۆ عەقیدەی سەلەف، لەو كاتەی كە لەسەر عەقیدەی ابن كلاب بووە و پێش نوسینی كتێبەكانی كە گەڕانەوەی تەواوی خۆی بۆ عەقیدەی سەلەف تێیاندا ڕاگەیاندووە.

له راستیدا ئەو تەئویلاتەی کە ئەشاعیرەکانی وەکو أبو بکر بن فورك لە کتێبی «التأویلات «و الرازي لە کتێبی «أساس التقدیس «دەیکەن - وەکو ابن تیمیة لە الفتوی الحمویة دەڵێت - هەمان ئەو تەئویلاتەیە کە موعتەزیلەکانی وەکو بشر المریسي و أبو علي الجبّائي، وعبد الجبار لهمذاني، و أبي الحسین البصري دەیانکرد. بەوەش دەردەکەوێت کە خاڵی هاوبەش لە عەقیدەی ئەشاعیرەی دوای ئەبولحەسەنی ئەشعەری و عەقیدەی موعتەزیلەدا بوونی هەیە وئەوەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی ئەشاعیرە لەسەر مەزهەبی ئەشعەری نین لە عەقیدەدا، ئەوەندەی کە لە مەزهەبی موعتەزیلەوە نزیکن.

ئەم کورتە باسە سەرەتایەکە، بۆ زنجیرە باسێکی زانستی دەربارەی عەقیدەو مەنهەجی ئەشاعیرە پێویست بوو باس بکرێت، لەبەر ئەوەی بزانرێت کە مەسەلەی ئینتیسابی ئەشاعیرە بۆ ئەبولحەسەنی ئەشعەری مەسەلەیەکی زۆر دەقیق نییە وقسە هەڵدەگرێت، مەگەر بە دانانی مەرج ودیاری کردنی ئەوەی ئەوان ئەشعەرین بەڵام لەسەر قۆناغی پێش گەڕانەوەی ئەشعەری بۆ مەزهەبی سەلەف، وات کوللابین نەك ئەشعەری! چونکە ئەوان پێچەوانەی ئەبولحەسەنی ئەشعەرین لەوەی بڕیاریداوە لە کتیبەکانی (مقالات الإسلامیین و اختلاف المصلین) و (الإبانة في أصول الدیانة) و (رسالة إلی أهل الثغر بباب الأبواب) کە بەڕوونی و بەراشکاوی گەڕانەوەی خۆی بۆ مەزهەبی سەلەف و شانازی

کردنی بە پێشەوا أحمد بن حنبل و شوێنکەوتنی بۆ عەقیدەی سەلەف و بۆ عەقیدەی ئەو پێشەوایە بەدیاری کراوی ڕادەگەیەنێت.

بۆ وەڵامدانەوەیەکی زانستی و وردتر سەبارەت بەوەی ئەگەر ئەشاعیرە شوێنکەوتووی ئەبولحەسەنی ئەشعەری نین شوێنکەوتوی کێن؟ لە بابەتەکانی داهاتوودا إن شاء اللّٰه لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ کتێب و سەرچاوەکانی پێشەوایانی ئەشاعیرە ، هەوڵی وەڵامدانەوەیەکی زانستی ئەو پرسیارە دەدەین إن شاء اللّٰه.

## چەند پرسیارێك لە ئەشاعیرە!

زانایانی ئەهلی سوننەت لە کۆن و لە هاوچەرخەکاندا، هەندێك پرسیاریان لە ئەشاعیرە کردووە بۆ ئەوەی بە هەمان چەکەکەی خۆیان ڕوبەڕوویان ببنەوە و بەو پرسیارانە رایان بوەستێنن، من چەند پرسیارێکی ئاسان و ڕوون لەو پرسیارانە هەڵدەبژێرم و ئاراستەی ئەشاعیرەی سەردەمی خۆمانی دەکەم:

ئێوە دەڵێن زاهیری وشەی (استوی) نەشیاوە بۆ الله عزوجل بەکاربێت و دەڵێن پێویستە وشەکە لەسەر ئەو مەعنا لابدەین و بیگۆڕین و تەئویلی بکەین بۆ (استولی)، یان (جاء ربك) دەکەن بە (جاء أمر ربك) یان (يد الله) دەکەن بە (قدرة الله) و زاهیری زۆر ئایەتی تریشتان بەبەهانەی ئەوەی کە نەشیاوە بۆ زاتی الله بەکار بێت، تأویل تان کردووەو لە زاهیرو ڕواڵەتی ئایەتەکە دوورتان خستووەتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە:

ئایا الله تعالی بۆچی ئایەتەکە بە شێوەیەك دادەبەزێنیت و مەبەستی پێی شتێکی ترە؟ ئەی بۆچی الله تعالی ڕاستەوخۆ مەبەستەکەی خۆی لە ئایەتەکەدا بەیان نەکردووە، بۆ نموونە لەجیاتی ئەوەی ئێمە بڵێین (استوی) مەعنای (استولی)یە و ئەو ناکۆکییە بکەوێتە ناو ئوممەتی ئیسلام لەسەر ئەوە، بۆچی الله تعالی خۆی ڕاستەوخۆ نەیفەرموو الرحمن علی العرش استولی! و جاء امر ربک؟، لە کاتیکدا خۆی

فەرموویەتی قورئانی بە زمانێکی پاراوو ئاسان دابەزاندووە هەموان لێی تێدەگەن: (بلسان عربي مبين)؟

بۆچی وارد نەبووە لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه و سلم ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆ نموونە بە هاوەڵەکانی فەرمووبێت، (ید) مەعنای دەست نییە و مەعنای قودرەتە؟ یان استوی مەعنای ئەوە نییە الله بەزاتی خۆی لەسەر عەرشە بەڵکو ئەوە مەعنای دەسەڵاتی الله یە بەسەر عەشدا و...هتد لە کاتیکدا پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم هەموو شتێکی بۆ هاوەڵان و بۆ ئوممەتەکەی ڕوون دەکردەوە تەنانەت ئادابی چوونە سەر ئاویش؟ ئایا چۆن مەسەلەیەکی واگەورەو گران وهەستیار ڕوون ناکاتەوە، ئینجا هەموو خاوەن عیلمێك دەزانێت (تأخير البيان عن وقت الحاجة لا يجوز). لە کاتێکدا نەزانراوە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕوونکردنەوەی لەو شێوەی بۆ هاوەڵە بەرێزەکان دابێت .

پرسیارێکی تریش ئایا بۆچی عەرەب کە بەدوای بچووکترین ڕەخنە دەگەڕان لەسەر قورئان تۆماری بکەن، ئەم جیاوازییە لە دەربڕین و مەبەستدا کە ئێوە بەزمانی حاڵتان دەڵێن لە قورئاندا هەیە، باسی دەکەن بۆچی ئەوان دەرکیان پێ نەکرد و نەیان کرد بە بیانوویەك ڕەخنەی لە

قورئان پێ بگرن؟ بۆچی نەیانوت ئەگەر قورئان بە زمانێکی عەرەبی پاك و پاراوو موبین دابەزیوە بۆچی ئەو ئایەتانە واتاکانیان ناڕوون؟

ئەی هاوەڵان الله لێیان ڕازی بێت، بۆچی لە وتووێژە زانستییەکانیاندا ڕۆژێک ئەم عەقیدەوەبیروباوەڕانەی ئەشاعیرەیان لە سیفات وبابەتەکانی تردا بەدمدا نەهاتووە ودین وئیمانیان بەبێ فەلسەفەو بێ سەفسەتەو تأویل و گۆڕینی دەقەکانی قورئان وسوننەت خستووەتەڕوو.

ئێوە کە خۆتان دەدەنە پاڵ ابوالحسن الاشعري ودەڵێن ئێمە لە عەقیدەدا ئەشعەرین، بۆچی موخالەفەی عەقیدەکەی دەکەن وبەقسەی ناکەن، ئەو إثبات ی علو وبەرزی الله تعالی لەسەر عەرشی دەکات وسیفاتەکان تەئویل ناکات وبەشێوەیەکی گشتی لەسەر عەقیدەی سەلەفە؟ وەکو لە کتێبی (الإبانة في أصول الديانة) کە کۆتا کتێبێتی لە ژیانیدا ڕوونی کردووەتەوە، بۆچی لە زۆربەی عەقیدەکەی ئەشعەری لاتانداوەو چوونەتە سەر تێگەیشتنی الفخر الرازي وئەوانی تر و لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەڵێن ئێمە ئەشعەرین؟

📚 لەو هەموو سیفەتانەی الله تعالی کە لە قورئاندا بە ڕاشکاوی هاتووەو ولە سوونەتدا جێگیر بووە، بۆچی تەنها باوەڕتان بە حەوت سیفەتی هەیە وەکو خۆی وئەوانی تر تەئویل دەکەن ولەواتا زاهیرییەکانی خۆی دووری دەخەنەوە، بۆچی وەکو چۆن ئەو حەوتەتان جێگیر کرد وباوەڕتان پێیەتی، باوەڕتان بەوانی تریش وەکو خۆی نییە؟

**کۆتایی ئەم پرسیارانەش بە پرسیارێکی تر دەهێنم کە ئاراستەی شارەزایانی ئەشاعیرەی دەکەم و ئەویش ئەوەیە :**

بۆچی کە خۆتان بە ئەهلی سوننەت دەناسێنن ناڵێن ئەهلی سوننەت و جەماعەت و تەواو؟ بۆچی دەبێت بڵێن ئەهلی سوننەت و جەماعەتی ئەشاعیرە؟ ئەو پاشکۆیەی بۆچییە و ئایا لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئەشاعیرەکەی بۆ زیاد نەکەن ڕاستەوخۆ بەرانبەر بەوە تێدەگات ئەهلی سوننەت مەبەست لەسەلەف و شوێنکەوتووانی عەقیدەی سەلەفە؟ یان حیکمەتێکی تری تێدایە؟

## ئایا ئەشاعیرە ئەهلی سوننەتن؟

ئەشاعیرە دەڵێن ئێمە ئەهلی سوننەتین، فیرقەکانی تریش وەکو ماتوریدیەش بە هەمان شێوە هەر وا دەڵێن، لە ڕاستیدا پێش ئەوان موعتەزیلەش هەر هەمان ئەو بانگەشەیان دەکرد ودەیانوت ئێمە ئەهلی سوننەت و جەماعەتین، بەڵام هەموو بانگەشەیەك پێویستی بەبەڵگە هەیە و بەقسە وئیددیعاکردن نابێت.

1 -ئایا ئەشاعیرە ئەهلی سوننەتن یان نا؟ وەڵامەکەی لە دوو ڕوانگەوە دەبێت، لەلایەکەوە بەلێ ئەهلی سوننەتن، لەلایەکی ترەوە نەخێر ئەهلی سوننەت نین و فیرقەیەکن لە فیرقە ئیسلامییەکان، بەڵام چۆن؟ بە ئیعتیباری یەکەم ئەگەر لە بەرانبەر شیعەدا حیساب بکرێن، لەو حاڵەتەدا نەك ئەشاعیرە بەڵکو ماتوریدییەو موعتەزیلەش هەر ئەهلی سوننەتن، چونکە هەموویان دان بە خیلافەتی هەر سێ خەلیفەکەدا دەنێن.

بەڵام کاتێك مەنهەجەکەیان لە عەقیدەدا بە مەنهەجی سەلەف بەراورد بکەین و لە ڕۆشنایی دەقەکانی قورئان و سوننەتدا بە تێگەیشتنی سەلەف لێکی بدەینەوە، نەخێر ئەهلی سوننەت نین و جیاوازی جەوهەری و بنچینەییان لە پرسەکانی عەقیدەدا هەیە لەگەڵیاندا، لە جیاوازییە سەرەکییەکانیان لەگەڵ ئەهلی سونەتدا:

✍ پێشخستنی عەقڵ لەسەر نەقڵ و ئەمەمان پێشتر باس کردووە.

✍ نکۆڵی کردنیان لە هەندێ سیفەتەکانی اللّٰه تعالی وەکو استواء و نزول و مجیء و غضب ورضا و زۆر شتی تر.

✍ جگە لە ئەم سیفەتانە: (الحیاة والعلم والقدرة والإرادة والسمع والبصر والکلام النفسي) سیفەتەکانی تری اللّٰه تعالی تەئویل دەکەن و لە واتای ڕواڵەتی قورئان دوور دەخەنەوە .

✍ ئیمان لەلای ئەشاعیرە باوەڕهێنان و تەسدیقی دڵە، بەمەش لەگەڵ ئەهلی سونەت جیا دەبنەوە کە کردەوە لە ناو ئیماندا دادەنێن.

✍ هەروەها مەسەلەی وەرنەگرتنی فەرموودەی ئاحاد لە عەقیدەدا ئەگەر لە بوخاری و موسلیمیشدا بێت و بنچینەی جیاوازی تریشیان هەیە لەگەڵ ئەهلی سوننەتدا.

2 -تەنانەت خۆیشیان هەست بەوە دەکەن و کاتێك بەخۆیان دەڵێن ئەهلی سونەت، زاراوەی ئەشعەری بۆ زیاد دەکەن، چونکە ئەگەر وا نەکەن بەرانبەر وا تێدەگات مەبەست لە ئەهلی سوننەت، ئەهلی حدیث و ئەهلی سوننەتە لە پێشینانی چاکی ئەم ئومەتە لەسەر ڕێبازو تیگەیشتنی سێ سەدە چاکەکان.

3 -له ئەلفویێ عەقیدەی ئەهلی سوننەت كە دەبێت هەموو موسوڵمانێك بیزانێت ئەوەیە، لە مەسەلەی ناوو سیفەتە بەرزەکانی الله عزوجل دا، پێویستە هەمووی وەکو خۆی بە بێ گۆڕین و تەئویل کردن و پەکخستنی واتاکانیان جێگیر بکرێن و نابێت بۆ واتای تر لە زاهیرەکەی دور بخرێنەوە، هەروەها باوەر هێنان بە کەلامی الله کە کەلامە لەسەر حەقیقەت بەو شێوەی کە شاییستەو شایانە بە الله تعالی و زۆر مەسەلەی تریش لە بواری قەدەر و لایەنی تری ئەو بیروباوەڕە، کە لە ڕاستیدا نە ئەشاعیرەو نە غەیری ئەوانیش لە فیرقەکانی تری وەکو موعتەزیلەو ماتوردییەو مورجیئە پێوەی پابەند نین، ئیتر ئیتر بانگەشە کردنی ئەهلی سوننەت بانگەشەیەکی بێ بەڵگەیە و ئیددیعایەکە پێویستی بە سەلماندنە.

4 -بەڵێ ڕاستە ئەشاعیرەی هەرچەند لە زۆرێك لە بوارەکانی عەقیدەدا لەگەڵ ئەهلی سوننەت و عەقیدەی سەلەفدا جیاوازییان هەیە، بەڵام هاوکات لە زۆر مەسەلەی تریشدا موافەقەی ئەهلی سونەتیان کردووەو هەمان تێگەیشتن و بۆچوونیان هەیە، بەڵام ئایا عەقیدە بەو شێوە دەبێت بەشێکی وەربگیرێت و بەشێکی بە عەقڵ و بۆچوونی فەیلەسوفەکان ڕەتبکرێتەوە و تەئویل بکرێت؟ بێگومان نەخێر

،تێکەڵکردن لە مەسەلەی عەقیدەدا کارێکی خراپ وناپەسەندە و نیشانەی نەپێکانی حەق و نەدۆزینەوەی مەنهەج و ڕێبازی ڕاستە.

5 -بۆیە وەکو هەندێك لە مونسیفەکانی ئەهلی سوننەت دەڵێن، ئەشاعیرە لەوەندەی کە لەسەر مەزهەبی ئەهلی سوننەتن وحەقیان پێکاوە، بەشێوەیەکی پێیان دەوترێت ئەهلی سوننەت، لەو بوارانەش کە لە عەقیدەی ئەهلی سوننەت لایانداوە لەوەدا پێیان دەوترێت ئەهلی بیدەع و فیرقەیەکن لە فیرقە ئیسلامییەکان کە لە مەنهەج لایانداوەو ڕێگەی ڕاستیان ون کردووە. شیخ الاسلام ابن تیمة - رحمه الله ، دەفەرموێت: (فلفظ السنة يراد به من أثبت الخلفاء الثلاثة ، فيدخل في ذلك جميع الطوائف إلاّ الرافضة ... )منهاج السنة 2/ 221. واتە وشەی سونەت لە ڕوویەکی گشتییەوە مەبەست پێی هەمو ئەوانەیە کە خیلافەتی أبوبكر و عمر و عثمان الله لێیان ڕازی بێت جێگیر دەکەن و بەو شێوەش هەموو تاقم و تائیفەکان دەگرێتەوە ڕافیزە نەبێت.

6 -بەڵام کێشەیەکی تر دەمێنیت کە ئەهلی عیلم و زانایانی ئەهلی سوننەت باسیان کردووە، ئەویش ئەوەیە: ئایا ئەوە ڕاستە ئەهلی سوننەت بکرێن بە دووبەشەوە؟ بەشێکیان شوێنکەوتووی سەلەف بن و ئەهلی سوننەتی تەواو، بەشێکیشیان بوترێت، ئەمانە ئەشاعیرەن و

ئەوانیش هەر ئەهلی سوننەتن، بەڵام کۆمەڵێك لادان و بیدعەی عەقیدیشیان هەیە وکو تەئویلی سیفات و نکۆڵی کردن لە زۆرێکیان و زاڵکردنی عەقڵ بەسەر نەقڵ لە کاتی تەرجیحدا و وەرنەگرتنی فەرموودەی ئاحاد لە عەقیدەدا و هەروەها لە پێناسەی قورئان و قەدەر و چەندین مەسەلەی تردا جیاواز بن و هەر ئەهلی سوننەتیش بن، وەڵامی ڕاستیش ئەوەیە مەگەر بەو ئیعتیبارەی یەکەم لەبەرانبەر شیعەدا وایان پێ بوترێت، بەهۆی زۆری جیاوازی لە نێوانیاندا بەراورد بەهەڵوێستیان لە عەقیدەی ئەهلی سوننەت، ئەگینا بەڕەهایی دەبێت هەر بوترێت فیرقەیەکن، بەڵام لە فیرقەکانی تر لە ئەهلی سوننەتەوە نزیکتر ن، بەڵام ئەوە تەنها لە ڕووی بەراوردەوە لەگەڵ موعتەزیلە و جەهمییە پەتییەکان و شیعە و هەندێ فیرقەی تر، ئەگینا بەراورد بە ئەهلی سوننەتی ڕاستەقینە و بەراورد بە عەقیدەی ئەهلی سوننەتی وەرگیراو لە دوو سەرچاوە سازگارەکەی کیتاب و سوننەت بە تێگەیشتنی سەلەف نەخێر وا نییە.

7 -هاوەڵان الله لێیان ڕازی بێت تاکو سەردەمی عەلی الله لێی ڕازی بێت هیچ ناکۆکییەکیان تێدا نەبوو، لەو سەردەمەوە ئیتر خەواریـج و ئینجا شیعە سەریان هەڵدا و دوای ئەوان کۆمەڵێك نکۆڵییان لە قەدەر کرد بە القدرية ناو بران و دوای ئەوان (الجعد بن درهم ) نکۆڵی لە سیفاتەکانی

الله كرد و لەسەر دەستی (خالد القسري) كوژرا و له دوای ئەو ا(الجهم بن صفوان) ی قوتابی الجعد سەری هەڵدا و بوو بە خاوەنی بیرۆكەی نكۆڵی كردن له سیفات و خاوەندارێتی بۆ هەندێ عەقیدەی گومڕای نامۆی تر به عەقیدەی ئەهلی سونەت، دواتر موعتەزیله سەریان هەڵدا و له هەموو ئەو ڕێبازە گومڕایانەیان وەرگرت وبوون بە كۆكەرەوەی گومڕاییەكان، له دوای ئەوان (أبو الحسن الأشعري) ناوی دركرد و پاش ئەوەی ساڵانێك لەسەر عەقیدەی موعتەزیله بوو، تەوبەی كرد و گەڕایەوە سەر مەزهەبی ئەهلی سوننەت، بەڵام نەك بەتەواوی و هەندێ لادان له عەقیەكەیدا هەر مایەوە و تەنانەت له كتێبی (الإبانة) كه كۆتا نووسیوێتی تا ئێستەش هەر تێیدا ماوەتەوە .

دواتر ئەشاعیرە له دوای ئەشعەری بەردەوامییان هەبوو، بەڵام لەگەڵ ێپەڕبوونی سەردەم و سەدەكادا له عەقیدەی ئەشعەری كه عەقیدەیەكی زۆر نزیك بوو له عەقیدەی سەلەفەوە، دوورتر دەكەوتنەوەو زیاتر مەزهەبەكەیان بوو ڕەنگدانەوە بۆ مەزهەب و تێگەیشتن و بۆچوونەكانی الفخر الرازي و ابن فورك و متأخرين ی ئەشاعیرە كه مەودای نێوانیان لەگەڵ ئەبو حەسەنی ئەشعەریدا هەر زۆر دوور و فراوان بوویەوە بە ئێستاشەوە، بەڵكو نەك هەر له عەقیدەی ئەهلی سوننەت دوور كەوتوونەتەوە، بەڵكو له عەقیدەی أبو الحسن الأشعري شزۆر دوور كەوتوونەتەوە.

8 -لەم بارەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە، ئەشاعیرە هەمویان یەك چین و جۆر و بیرکردنەوە نین، بەڵکو جیاوازییان لە نێوان خۆیشیاندا گەلێك زۆرە، ئەگەرچی کامیان لەوانی تر باشترن لە عەقیدەی ئەهلی سوننەتوە هەر زۆر نزیك نین و جیاوازییان هەر هەیە، بەڵام دوا جار ئەوە واقیعە و جۆرەکانیان جیاوازن. إن شاء الله لە نووسینێکی تایبەتدا باسی ئەو جیاوازییە دەکەین.

9 -هەندێك لە زانا گەورەکان بۆ نموونە النووي و ابن حجر العسقلاني البيهقي وابن الجوزي و زانای تر، لە هەندێك هەڵە و لادانەکانی ئەشاعیرەدا وەکو تەئویل کردن موافەقەی ئەشاعیرەیان کردووەو هاوبۆچوون بوونە لەگەڵیاندا ، ئەوانە لەبەر ئەو هاوبۆچوونیە ناکرێت هەمان حیسابِی ئەوانیان بۆ بکرێت کە بە کۆمەڵێك بنەمای جۆراوجۆر لە عەقیدەی ئهلی سوننەت جیابوونەتەوە.، چونکە لەیەك بنەما لە بنەماکانی ئەشاعیرەدا هاوبۆچوون بوونە و لە بۆچوون و عەقیدکانی تریاندا ناکۆك بوونە لەگەڵیاندا و هەمان عەقیدەی ئەهلی سوننەتیان هەبووە، بۆیە ئەوانە ئەگەرچی لەسەر خۆیانیان حیساب دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا خاڵی جیاوازییان لەگەڵ ئەشاعیرەدا زۆرترە تاکو خاڵی هاوبەش وتەبایی.

**10 -ئەشاعیرە زۆر جار بە خۆیان ئیعتیراف دەکەن کە لەگەڵ ئەهلی سوننەت جیاوازن و کار بە تێگەیشتنی سەلەف بۆ أسماء و صفات و پرسەکانی عەقیدە ناکەن، یەکێك لە بنچینە مەشهورەکانیان لە عەقیدەدا ئەم بنچینەیە: "مذهب السلف أسلم، ومذهب الخلف أعلم وأحكم" واتە مەزهەبی سەلەف سەلامەتترە، بەلام مەزهەبی خەلەف واتە پاشینان و ئەشاعیرە زانستیتر و تۆکمەترە! واتە مەزهەبی ڕازی و ابن فورك و الغزالي و الشهرستانی لە مەزهەبی أحمد بن حنبل و سفیان الثوري و سەرانی سەلەف زانستیتر و تۆکمەترە!**

**11- بەهۆی ئەوەی کە زۆرێك لە زانایانی ئەشاعیرە ناراستی ڕێبازی خۆیان لە مەسائیلی عەقیدەدا بۆ دەرکەوت و لە گوماندا دژیان، بۆیە لە کۆتایی ژیایاندا لە ڕێبازەکەی خۆیان لە علم الکلام و تێکەڵ کردنی فەلسەفە بە عەقیدە پەشیمان دەبوونەوە، عبد الرحمن المعلمي لە کتێبی (القائد إلى العقائد) باسی پاشگەزبوونەوەی الجويني والغزالي و الفخر الرازي و پێش ئەوانیش ابو الحسن الأشعري دەکات و دەڵێت: (قد أبلغ الله تبارك وتعالى في إقامة الحجة على اختلال النظر المتعمق في الإلهيات بأن يسر لبعض أكابر النظار المشهورين بالاستقلال أن يرجعوا قبيل موتهم إلى تمني الحال التي عليها عامة المسلمين ، فمنهم الشيخ أبو الحسن الأشعري، وأبو المعالي ابن الجويني الملقب إمام الحرمين، وتلميذه**

**الغزالي، والفخر الرازي ...) جوێنی لە نەخۆشی سەرەمەرگدا دەیوت شایەت بن گەڕاومەتەوە سەر عەقیدەی سەلەف و خۆزگەی بە دینی پیرەژنان دەخواست کە دینداری بە نەزانی دەکەن، واتە خۆزگەی دەخواست لە فەلسەفەو علم الكلام و ئەو باسانە هەرگی ئیشی نەکردایە، ئەگەر چی وەکو هەندێك لە لێکەرەوان دەلێن ئەوان بۆ مەزهەبی سەلەف نەگراونەتەوە، بەڵکو بۆ مەزهەبی التفويض گەڕاونەتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ناراستی و هەڵەی مەزهەبەکەی حۆیانیان بۆ دەرکەوتووە. لە نووسینێکی تایبەتدا إن شاء الله باسی ئەو مەسەلەش دەکەین.**

# هەڵوێستی شيخ الإسلام ابن تيمية
# لە ئەشاعیرە

لە چەند پۆستی داهاتوودا پوختەی کتێبێکی شێخ سفر الحوالي دەربارەی عەقیدەی ئەشاعیرە بەناونیشانی (منهج الأشاعرة في العقيدة) دەخەمە ڕوو و بەباشی دەزانم ببێتە بەشێك لەم زنجیرەیەم دەربارەی ئەشاعیرە، بەڵام بە شێوەیەکی حەرفی پابەند نابم بە کتێبەکەوە، بەڵکو تەنها بیرۆکەو واتا زانستییەکانی وەردەگرم کە ئەو لە بواری عەقیدەدا پسپۆڕەو خاوەنی یەکێك لە کتێبە سەرەکییەکانی ئەم سەردەمەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی مورجیئەو ئەشاعیرە بەناونیشانی: (ظاهرة الإرجاء في الإسلام)، واتە لە کوێ پێویست بکات ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر قسەکانی دانەر دەنووسم و لە کوێ بە پێویستی بزانم کورتی دەکەمەوەو لێی لادەبەم.

شيخ الإسلام ابن تيمية لە درێژایی ژیانیدا یەکێك لەو بەرانەی بەرگری تێیدا دەکرد لە ئیسلام بەرەی لێدان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەهلی بیدەع بوو بە هەموو جۆر و تاقمەکانیانەوە، لەگەڵ ئەشاعیرەشدا جەنگێکی کراوەی هەبوو، ابن تيمية هەمیشە لە کتێبەکانیدا بەڵگەی زانستی و چەکی کیتاب و سوننەت و عەقڵیشی لە دژیان بەکار دەهێنا، ئەوانیش جگە لە هەندێ جاری کەم نەبێت مونازەرەیان لەگەڵی دەکرد، ئەگینا

بەردەوام پەنایان بۆ سووكايەتی پێكردن و دەستگیركردن و زیندانی كردنی دەبرد، بۆیە ساڵانێكی زۆری لەتەمەنی لە زیندانەكانی ئەشاعیرەدا بەسەر برد، بەو پێوەی كە لەسەردەمی ئەودا دەسەڵات سەر بە ئەشاعیرە بووە و زۆرێكیشی لە كتێبە گرنگەكانی لە زینداندا نووسیوەو هەر لەوێیشدا وەفاتی كردووە بەڕەحمەت بێت.

ابن تيمية جگە لەوەی لە زۆربەی كتێبەكانی دەربارەی بیروباوەڕ باسی ئەوانی كردووە، بەڵام بە شێوەیەكی تایبەتیش ئەم كتێبانەی بۆ دەرخستنی عەقیدەی ئەشاعیرەو ئەندازەی لادانیان لە مەنهەجی ئەهلی سوننەت و جەماعەتدا نووسیوە:

📕 (درء تعارض العقل والنقل): ئەم كتێبە هەمووی بەرپەرچدانەوەیە بۆ فیكرو بیروباوەری ئەشاعیرەو هەر بەخۆی لە پێشەكی كتێبەكەیدا ئاماژەی بەوە داوە.

📕 (بيان تلبيس الجهمية المسمى نقض التأسيس): لەم كتێبەیدا ابن تيمية ڕەددی دامەزرێنەری دووەمی ئەشاعیرە فخرالدين الرازی دەداتەوە، خاوەنی كتێبی (تأسيس التقديس) كە پێشی دەوترێت (أساس التقديس).

📕 (التسعينية): شەیخولئیسلام ئەم كتێبەی لە چەند مانگی كۆتایی ژیانیدا نووسیوە دەربارەی ئەشاعیرە، وەكو ڕەددانەوەیەك بۆ

دادگاییکردنی ئەشاعیرە بۆی، لە یەکەم بەشی کتێبی (الفتاوى الكبرى)دا جێگیر کراوە.

📕 (شرح العقيدة الأصفهانية): کە بریتییە لە شەرحی عەقیدەی الأصفهاني کە بە پێی بنەماکانی ئەشاعیرە لە عەقیدەدا نووسیبووی بۆیە ابن تیمیةش ڕەدی داوەتەوە بەو کتێبە.

📕 (الفنوى الحموية) کە یەکێکە لە کتێبە بەناوبانگەکانی شيخ الإسلام و تێیدا ڕەددی بەشێك لە بیروباوەڕەکانی ئەشاعیرەی داوەتەوە.

📕 (النبوات): ئەم کتێبە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوە بۆ وتەکانی الباقلاني ئەشعەری بەشێوەیەکی تایبەت، بۆ بۆچوون و تێگەیشتنی ئەشاعیرە دەربارەی پیغەمبەرایەتی بە شێوەیەکی گشتی.

📕 (الإيمان): ئەم کتێبە تایبەتە بە ڕەخنەگرتن لە ئەشاعیرە و مورجیئەکان وەکو پاشکۆیەك بۆ ئەشاعیرە.

📕 (القاعدة المراكشية): ئەم کتێبە وەکو خستنەڕووە بۆ مەزهەبی پێشەوا مالیك و پیشەوایانی مەزهەبی مالیکی لە دژی متأحرين ی ئەو مەزهەبە کە لەسەر مەزهەبی ئەشاعیرە بوونە، هەمان ئەم کتێبە لەبەشی پێنجەمی (مجموع الفتاوى)شدا هاتووە.

📕 (المناظرة في العقيدة الواسطية): ئەم کتێبە لەلایەن شیخ الإسلام ابن تیمیة نووسراوە بەهۆی دادگاییکردنی ئەشاعیرە بۆی بە هۆی نووسینی کتێبی العقیدة الواسطیة.

📕 (الاستقامة): ئم کتێبەی ابن تیمیة بەرپەرچدانەوەیە بۆ کتێبەکەی القشیري سۆفی" تێیدا ڕوونی کردووەتەوە کە پێشەوایانی سلوك و ئاکارجوانی لەسەر مەزهەبی سەلەف بوونە، هەروەها ڕوونیشی کردووەتەوە کە سەرەتای لادانی سۆفییەکان لە عەقیدەی سەلەف لەسەرەتای سەدەی پێنجەمەوە دەستی پێکردووە لەو کاتەی مەزهەبی ئەشعەری بڵاو بوویەوە.

هەروەها زانای پایەبەرز ابن قیم الجوزیة کە خویندکاری ابن تیمیة بووە بەڕەحمەت بێت، ئەویش چەندین کتێبی تایبەتی لەسەر ئەشایرە نووسیوە، لەوانە:

✏️ (مختصر الصواعق المرسلة) لەم کتێبەدا بنەماکانی ئەشاعیرەی خستووەتەڕوو و هەڵوێشتی ئەوانیشی لە دەقەکان ڕوون کردووەتەوە.

✏️ (شفاء العلیل): زۆربەی ئەوەی لە کتێبەدا هاتووە باس لە ئەشاعیرە دەکات و بەرپەرچدانەوەیە بۆ بیروباوەڕەکانیان.

✏️ (العقيدة النونية): ئەم کتێبە بریتییە لە قەسیدەکەی درێژ کە زۆربەی تایبەت بە بەرپەرچدانەوەی بۆ ئەوان و هەر خۆی بە کتێبی ( الكافية الشافية في الانتصار للفرقة الناجية ) شەرحی ئەو قەسیدەی خۆی کردووە.

✏️ (اجتماع الجيوش الاسلامية): هەمووی ڕەدد و بەرپەرچدانەوەی بۆ عەقیدەی ئەشاعیرە بەایبەتی لەمەسەلەی (علو) بەرزی الله تعالی دا.

لێرەشدا جێگای ئاماژە بۆکردنە کە ابن تیمیة لە ڕاستیدا هیچ کات بەرەهایی ستایشی ئەشاعیرەی نەکردووە، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها بریتییە لەوەی کە لە بەشی 12 لە مجموع الفتاوی دا هاتووە کە ئەوان بەراورد بە غەیری خۆیان لە ئەهلی سوننەتەوە نزیکترن نەك خۆیان لە خۆیاندا لە عەقیدەی ئەهلی سوننەتەوە نزیك بن! هەروەها ئەوەی بە ڕاشکاوی وتووە کە عەقیدەکەیان ئاوێتەیەکە لە وەحی و فەلسەفە، یان لە هەندی جێگەی کتێبەکانیدا ستایشی ئەوانەی کردووە لەوان کە لە بواری فەرموودەناسیدا زانا بوونە لەبەر سەرقاڵ بوننیان بە سوننەتەوە نەك لەبەر ئەوەی لە عەقیدەدا ئەشعەری بوونە، هەروەها داوای لێخۆشبوونی بۆیان کردووە، بەڵام ئەمە گەلێك کەمترە بەراورد بەو وتانەی کە بەراشکاوی ئەوانی بە ئەهلی بیدعە و گومڕایی زانیوە و مەنهەجیانی بە مەنهەجێکی هەڵە وخراپ زانیوە، ئەو جۆرە قسانەی لە ئەژمارکردن نایەن ئەوەندە زۆرن.

ئینجا ابن تیمیة ئەوەی دیاری کردووە کەی ئەو کەسەی بە ئەشعەری ناسراوە دەکرێت لەسەر ئەهلی سوننەت حیساب بکرێت، لەوەدا بەڕاشکاوی فەرموویەتی: ئەو کەسەی لەسەر ئەو بیروباوەڕانە بێت کە لە کتێبی الإبانةدا هاتووە کە ئەشعەری لە کۆتایی تەمەنیدا نووسی، بیروباوەڕێکی تری پێچەوانەی ئەوەی لێ دەرنەکەوتبێت، ئەوە بە ئەهلی سوننە دادەنرێت لەلای ابن تیمیة، لەگەڵ ئەوەشدا ابن تیمیة وتوویەتی تەنها ئەوەی کەسێك بە خۆی بڵێت من ئەشعەریم ئەوە بۆ خۆی بیدعەیە، چونکە ئەوە گومان بۆ بەرانبەر درووست دەکات کە ئەشعەرییەت مەزهەبێکی ڕاست و درووستە و لەگەڵ بیروباوەری سەلەفدا ناکۆك نییە! بۆ ئەم قسەی ابن تیمیة بڕوانە: مجموع الفتاوی" بەرگی 6 " لاپەڕە 359

# صلاح الدين الأيوبی

## به پێناسەی سفر الحوالي

✍ ناوی تەواوی (الناصر لدين الله يوسف صلاح الدين)ە، ڕۆژئاواییەکان بە صالادین ناوی دەبەن.

✍ خۆشەویستی زۆری بۆ فەرموودە و فەرموودەناسان هەبوو، خۆیشی زانستی لەسەر دەستی زانایانی وەکو (أبو طاهر السلفي) بە ڕەحمەت بێت وەرگرتووە.

✍ صلاح الدين خاون عیبادەتی زۆر و دوعا و پاڕانەوە بوو.

✍ ابن قدامة المقدسي فەرماندەی بەشی ڕاستی سوپاکەی بوو، هەرگیزیش نەخۆی و نە کەس لەسەر بازەکانی نەیاندەوت ابن قدامة (مطوع)ە یان (واعظ) وکۆڵکە بانگخواز و توندڕەوە.

✍ کتێبەکانی فەلسەفە وفاڵ و سیحر وهاوشێوەکانی لە کتێبی ئەفسانە قەدەغە کرد، ئەم قەدەغە کردنەش هەر بەردەوام بوو و نوێ دەکرایەوە لە ڕۆژگاری ئەوانەی دوای خۆی وەکو (الكامل) و (المعظم)،

✍ فەرمان بە چاکە و نەهی کردن لە خراپەی لە هەموو لایەکی وڵاتدا زیندوو کردەوە.

✍ به دەستی خۆی (أرناط)ی خاچپەرستی کوشت کە لەلای ڕۆژئاواییەکان بە ئارنۆڵد دەناسرێت، کاتێك هەواڵی ئەوەی پێگەیشت کە ئەو ناوبراوە سووکایەتی بە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم کردووە.

✍ باتنییە عوبەیدییەکان و ئیسماعیلییەکانی لەناوبرد، لە میسریشدا تەنانەت یەك مالیش نەما سوننی نەبێت، ئەمەش هەنگاوی یەکەم بوو بۆ لەناوبردنی خاچپەرستان و ئازادکردنی قودس، واتە بەیەکخستنی ئوممەتی ئیسلامی و لەنێوبردنی دەوڵەتە ڕافیزییەکان.

✍ صلاح الدین خاوەن عەقیدەیەکی پاك وڕاست بوو، ئەهلی فەرموودەی خۆش دەویست، ڕقی لە ئەهلی بیدەع بوو.

✍ ابن شداد کە نووسەری ژیاننامەی صلاح الدین و لەگەڵیدا بوو، لە (المقریزی) شارەزاتر بووە لە عەقیدەی صلاح الدین کە گوایە ئەشعەری بووبێت! بەڵکو المقریزی ڕەچەڵەکی عوبەیدییەکانیشی بەڕاست زانیوە کە ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە فاتیمین، بۆیە پێویستە قسەی مەقریزی لە دژی صلاح الدین وەرنەگیرێت کە وتوویەتی ئەشعەری بووە، ئینجا گریمان قسەکەی مەقریزی ڕاستیش بووە، جیهاد کردن هەموو گوناهێك دەسڕێتەوە وەکو لە فەرموودەکاندا جێگیر بووە، ئەشعەرییەکانیش لەناو خۆیاندا جیاواز و ناکۆکن و بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە ئەهلی سوننەتن، لەوانەیە لەبەر ئەو بانگەشە بێت کە باوەڕی پییان کردووە.

✍ صلاح الدين جیهادی خاچپەرستانی کرد وسەرکردایەتی موسوڵمانانی لە جەنگی (حطین)ی بەناوبانگدا کرد و قودسیشی ئازاد کرد، هەر ئەوەندەشی بەسە کە موجاهیدێکی لەو شێوە بووە کە گوناهەکانی بسڕێتەوە وەکو لە سوننەتدا هاتووە.

✍ ڕۆژئاوا لەدژی صلاح الدین یەکیان گرت، پاپا چەندین هەڵمەتی خاچپەرستی بردە سەریان و بەڵێنی بەهەشت و لێخۆشبوونی بە جەنگاوەرەکان دەدا و باجی لێخۆشبوونی بۆ دەردەکرن.


✍ لە دوای دۆڕان و تێکشکانی خاچپەرستان لە جەنگی بەناوبانگی (حطین) و ئازاد کردنی قودس، ڕێگای بە نەساڕاکانی دا ئەگەر بیانەوێت حەج بۆ فەلەستین بکەن، بەڵام بەهەندێ مەرج کە خۆی بۆیانی دیاری کردبوو.

✍ صلاح الدین وێڕای ئەوەی کە موجاهید بوو کەسێکی زاهید و دونیا نەویستیش بووە، تەنانەت هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن پارەی کفنەکەشی قەرز کردووە، زۆرترین پارەش کە دەگێڕنەوە هەیبووە چەند دە دینارێکی ئاڵتوونی هەبووە، هەندێ لە مێژوونووسانیش دەڵێن کاتێك وەفاتی کرد هیچی لە دوای خۆی بەجێ نەهێشت و وەسێتیشی کردبوو کە خشتێکی لەگەڵدا بنێژن کە لە خۆڵ و تۆزی جیهاد کردنەکانی کۆی کردبوویەوە.

**ئەمەی لێرە باسم کردووە بەدەستکارییەکی کەمەوە وەرمگێڕاوە لە کتێبی(المسلمون والحضارة الغربية) بەرگی یەکەم لاپەڕە 314-317.**

**إحسان برهان الدين**

**25ربيع الآخر 1445**


ڕەخنەی زانایان لە
تەفسیری ڕازی وصابوني
د. إحسان برهان الدّين

ڕەخنەی زانایان لە

# تەفسیری ڕازی وصابونی

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

تەفسیری ڕازی ناسراو بە (التفسیر الکبیر) و(مفاتیح الغیب) یەکێکە لە تەفسیرە دێرینە بەناوبانگەکان کە بە درێژایی مێژوو مشت ومڕی زۆری لە دەور درووست بووە، لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی ولەچەند خاڵێکدا پوختەیەك دەربارەی تەفسیرەکە و دانەرەکەی بە سوود وەرگرتن لە قسەی زانایان بە پێشکەش بە ئێوەی بەرێز بکەم:

1- فخرالدين الرازي ناوي محمد ی کوڕی عمر ی کوری حسین لە شاری (الري) لە باکوری تاران لە ساڵی (544ك) لەدایکبووە ولە ساڵی (606ك) لە شاری (هراة) لە ئەفغانستان وەفاتی کردووە. فەخری ڕازی یەکێکە لەزانا ناودارەکان لەلایەکەوە وەکو یەکێك لە سەرانی ئەشاعیرە بەڵکو هەندێ لە دامەزرێنەران بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی

جەماعەتی ئەشاعیرەی ئەزانن، هەروەها کەسێك بووە بە چڕی خەریکی فەلسەفە و زانستی کەلام بووە، خاوەنی ژمارەیەکی زۆرە لە کتێب لەناودارترینیان تەفسیرەکەیەتی کە لێرە باسی دەکەین.

فەخرەددینی ڕازی لە چەندین بواری مەعریفە و زانستدا وەکو تەفسیر و کەلام و زمان وزانستە عەقڵییەکاندا کەسێکی بەتوانا و لێهاتوو بووە، بۆیە لەسەردەمی خۆیا کەسایەتییەکی زۆر ناوار و مەشهور بووە، تەنانەت - وەکو محمد حسن الذهبي لە کتێبی التفسير والمفسرون 249/1 ەڵێت: لە هەموو لایەکەوە فێرخوازانی زانست دەهاتنە لای و کتێبەکانیشی بەشێوەیەك ناوی دەردربوو خەڵکی وازیان لە کتێبەکانی پێش ئەو هێنابوو لە بواری تەفسیر و علم الكلام وأصول الفقه دا.

2 - تەفسیری ڕازی تەفسیرێك نییە بەمأثور ئەنجامی دابێت، واتە پشتی بە سوننەت و ئەقوالی سەلەف وبە آثار بەستبێت، بەڵکو لەو جۆرە تەفسیرەیە کە بە عەقڵ و بۆچوونی خۆی نووسیوێتی وبە التفسیر بالرأي دەناسرێت، ، بۆیە سەرەڕای ئەوەی ئەم تەفسیرە بە مەوسوعە وتەفسیرێکی بەرفراوان وەسف کراوە، بەڵام زۆر بەکەمی بۆ فەرموودە وسوننەت و آثار و ئەقوالی پێشینانی چاکی ئوممەت دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو لە سەلەف بەڕەخنە بووە وزۆر جار بەتایبەتی لە بواری أسماء و صفات بۆچوونەکانیان ڕەتدەکاتەوە و هێرشیان دەکاتە سەر.

3 - ئەو ڕەخنانەی لێرە دەربارەی تەفسیری ڕازی باسی دەکەین کە هەمووی لە زانایانەوە وەرمگرتووە وهیچی لەخۆمەوە نەمهێناوە، بەگشتی تایبەتن بە عەقیدەی خاوەنی ئەم تەفسیرە و لادانی لە مەنهەجی سەلەف و ئەهلی

سوننەت، واتە بەدەر لەو لایەنە، لایەنی تری زۆر تێدایە شایانی ستایشە و قابیلی سوود لێ وەرگرتنە، من خۆم یەکێکم لەوانەی لە هەندێ بواری زمان وزانیاری گشتی سوودم لەو تەفسیرە بینیوە وسەرسامیشم بە زانستی زۆری ئەو زانایە، بەڵام هەمیشە ئەوەشم زانیوە کە ئەو تەفسیرە لەڕووی عەقیدەوە بۆ کەسێك بیەوێت دەست بەعەقیدە و بیروباوەڕی سەلەفەوە بگرێت تەفسیرێکی بێ کەڵکە وبۆ کەسێك تەواو لە مەسائیلی عەقیدە و ئیماندا شارەزا نەبێت چەند دووری لێ بگرێت باشترە.

4- سەرەتا ئەبێت ئەوە بزانین فخرالدين الرازي خاوەن عەقیدەیەکی ئەشعەری بووە، بەڵکو ئەشعەرییەکی سەرسەخت و یەکێکە لە سەرانی ئەو کۆمەڵە کە لە درێژایی مێژوویاندا شانازییان پێوەکردووە.

ڕازی بێ وچان و بەهەموو توانایەکییەوە هەوڵیداوە عەقیدەی خۆی لەم تەفسیرەدا بچەسپێنێت وڕەواجی پێ بدات، دەیەوێت بەهەموو شێوازێك قەناعەت بە خوێنەر بکات عەقیدەی ئەشاعیرە عەقیدەیەکی ڕاستە و ئەوان تاقمێك نین لە تاقمە لادەرەکان، هەوڵی داوە پارێزەرێکی کۆڵنەدەر وماندوونەناس بێت بۆ بیروباوەڕەکەی و هاوکات دژ بەهەموو نەیارە فیکرییەکانی کۆمەڵەکەی وەستاوەتەوە، بەتایبەتی لە دژی ئەهلی حدیث وزانایانی سەلەفدا نەیارێکی توند وسەرسەخت بووە، هەروەها دژ بە بنەماکانی عەقیدەی موعتەزیلە وتاقمی تریش کردووە.

5- یەکێك لەو ڕەخنانەی زۆر لە زانایان لە سەر ڕازی تۆماریان کردووە لە تەفسیرەکەیدا، بۆ نموونە ابن حجر العسقلاني لە لسان الميزان دا، ئەوەیە ڕازی زۆر بە چالاکی و بە گوڕوتینێکی زۆرەوە شوبهەو گومانی نەیارانی ئیسلام و

فەلاسیفە و ئەهلی کەلام و موعتەزیلە و گومڕاکانی تر دەهێنێت و نمایشیان دەکات، گومان بە گومان بە وردی شیيان دەکاتەوە وشەرحیان دەکات، بەجوانی خوێنەریان لێ تێدەگەیەنێت، تەنانەت خەریکە قەناعەت بە خوێنەر دەکات کە ئەوانە گومان نین و حەقیقەتن، دوایش کە دێتە سەر ڕەددانەوەیان زۆر بەلاوازی و بەکورتی و پەلە ڕەدیان دەداتەوە، ئەم ڕەخنە زۆربەی ڕەخنەگران لەو تەفسیرە تێبینیان کردووە وهاوبەشن تێیدا.

بە کورتی: فەخری ڕازی وەکو ابن حجر دەڵێت: بە نەقد گومانەکان دادەنێت وراڕەستی خوێنەریان دەکات، بەڵام بەرپەرچدانەوەکەی بە قیست وبەش بەش و زۆر بە لاوازی وەڵامیان دەداتەوە.

6- ڕازی لە تەفسیرەکەیدا بڕێکی زۆر لە فەرموودەی ضعیف و موضوع بەکاردەهێنێت، بە ئەندازەیەك لە تەحقیقکردنی

فەرموودەکاندا کەمتەرخەمە، خوێنەری شارەزا سەری سوڕ دەمێنێت چۆن ئەو هەموو فەرموودە لاوازانەی لێ تێپەڕ بووە وبێ دەنگ بووە لێیان، لە کاتێکدا لەسەردەمی ئەودا کتێبی فەرموودەناسان بەردەست بوون و فەرموودەکان تەحقیق و تەخریج کرابوون و سوننەت بەگشتی خزمەتی زۆر کرابوو.

7 - ئەم تەفسیرە لەلایان زۆر لە زانایانەوە بە تەفسیرێکی پڕ لە عەیب و کەلێن دانراوە، بە بۆچوونی خۆیشم ئەوە بۆ دوو هۆکار ەگەڕێتەوە :

✍ یەکەم مەنهەج و ڕێبازی ڕازی لە بواری عەقیدەدا کە مەنهەج و ڕێبازی أهل الکلام و فلاسفة بووە وزۆریش سەرسام بووە بەوانە، ئەمەش وایکردووە قسەکانی لە چرای وەحیەوە ڕۆشنایی وەرنەگرێت وتووشی هەڵەی بکات.

✍️دووەم: لەبەر ئەوەی تەفسیرەکەی دووررو درێژە و قسەی زۆری تێدا کردووە و لقی زۆری لی بووەتەوە و هەروەها  ئەم جۆرە تەفسیرەی کە پێی دەوترێت التفسير بالرأي خۆی بە سروشتی پشت بە بۆچوون و تێگەیشتنی دانەر خۆی و تێگەیشتنی مرۆڤەکانی تر دەبەستێت کە معصوم نین وئەمانەش هۆکارێکن بۆ زۆری هەڵەو نەپێکان لەو تەفسیرەدا.

✍️بۆ نموونە النجم الطوفي لە کتێبی (الإكسير في علم التفسير) ڕەخنەی توندی لێگرتووە و لە زانای تر نەقڵی کردووە کە دوو بەرگی دەربارەی عەیب و نوقسانییەکانی ئەو تەفسیرە نووسیوە.

8 -تەفسیری ڕازی لەلایەن زۆر زانای بەناوبانگەوە - بۆ نموونە أبو حيان الغرناطي لە تەفسیری (البحر المحيط) -

هەروەها لەلایەن ابن تیمیة، بەوە وەسف کراوە (فیه كل شیء إلا التفسیر) واتە: هەموو شتێکی تێدایە تەفسیر نەبێت، بەشێوەیەك لە تەفسیری ئایەتەکان دوور دەکەوێتەوە وبەجێیان دەهێڵێت خوێنەر وا نازانێت کتێبی تەفسیری دەخوێنێتەوە.

9 -تەفسیری ڕازی بەشێوازێك لە تەفسیری قورئان دوور دەکەوێتەوە بۆ زانستی فەلەك و پزیشکی و ئەندازیاری وفەلسەفە و منطق وبواری تر، وای کردووە هەندێ زانای ناوداری وەکو محمد رشید رضا لە پێشەکی تەفسیرەکەیدا بڵێت تەفسیری ڕازی خەڵکی لە هیدایەتی قورئان دوور دەخاتەوە.

10 -لەم تەفسیرەدا - وەکو د. عبدالستار فتح الله دەڵێت - بیروبۆچوون و بیردۆز و بیرۆکەی فەلاسیفەکان بەشیکراوەیی

وبەشەرح كراوى دەبينرێت، واتە: بۆچوونە هەڵە ولارەكانى عولەماى كەلام وفەيلەسوفەكان وگومڕاياني تر بە ئاسانى دەخرێتەبەردەستى خوێنەرانى ئەو تەفسيرە وبۆيان شەرح دەكرێت .

✍ ئەمەش بەتايبەتى بۆ كەسێك لە ڕووى تەوحيد و بيروباوەڕەوە بەتوانا و شارەزا نەبێت خوێندنەوەى ئەو تەفسيرە جۆرێكە لە سەركێشى وكارێكى باش نييە، چونكە خوێنەر دەكەوێتەناو دەريارەيەك لە گومان و شوبهەكانەوە، وەكو ئەوەيە منالێك يان كەسێكى بێ توانا بخەيتە ناو دارستانێكى پڕ لە مەترسى و پێى بڵێيت ورياى خۆت چونكە ئەم دارستانە بوونەوەرى زيانبەخش ودڕندەى تێدايە، لە كاتێكدا نەچوونى سەلامەتترە وباشترە.

✍ ئينجا كێشەيەكى گەورەى فەخرى ڕازى ئەوەيە سەرسامە بەو فەيلەسوف و زانايانى ئەهلى كەلام و منطق و

نەیارانەی عەقیدەی سەلەف، چەندین کتێبیشی هەیە تەقریری زۆرێك لەو بیروبۆچوونە هەڵە و لادەرەکانی ئەوانی کردووە، بەتایبەتی سەرسام بوونی بە ابن سینا مەسەلەیەکی یاروئاشکرایە، لە کاتێکدا ابن سینا بەهۆی نکۆڵی کردنی لە زیندوو بوونەوە و عیسمەتی پێغەمبەران و زۆر شتی تر، زانایان تەکفیریان کردووە، بەڵکو أبو حامد الغزالي کە ئەشعەرییە و سۆفیشە ئەوی تەکفیر کردووە، بەڵام بەئاسانی تێبینی دەکرێت ڕازی هەر زۆر سەرسامە بەو زاتە لادەرە، بۆ نموونە لە کتێبی (المباحث المشرفية) زۆر پشت بە ئەقوالی ابن سینا دەبەستێت، هەروەها هەندێ لە کتێبەکانی ئەوی شەرح کردووە لەوانە: (الإشارات) و (عيون الحكة)، ئەگەرچی ڕەخنەشی لێ دەگرێت ولەهەندێ لە گومڕاییەکانی ابن سینا هاوبۆچوون نییە.

11 -ڕازی بە حوکمی ئەوەی خۆی پەروەردەی فەلسەفەی یۆنان و شوێنکەوتوانیانە لە فەیلەسوفە بەناو موسوڵمانەکان، بۆیە بەڕاشکاوی دەبینرێت لەسەر ڕێبازو هێڵێکی ناکۆکە لەگەڵ زانایانی سەلەف و لەسەر بەرنامەیەکی پێچەوانە لەگەڵ عەقیدەی سەلەفدا لەم تەفسیرەیدا ڕێ دەکات، بەتایبەتی لە مەسەلەی سیفاتی اللە عزوجل.

✍ ڕازی هاوشێوەی جەهمییەکان لە نکۆلی کردن لە سیفەتەکانی اللە عزوجل دا زێدەرەوی زۆر دەکات، بەڵکو لەمەسەلەی سیفاتدا هەر جەهمییەکی تەواوە بۆیە ابن تیمیةش بەڕەحمەت بێت هەر وەکو جەهمییەك لە کتێبەکەیدا بەرپەرچی دەداتەوە.

ڕازی سەرلەبەری عەقیدەی سەلەف لە مەسەلەی سیفات و مەسەلەی تریشدا ڕەتدەکاتەوە وهەندێ جاریش تەنانەت ئەدەبی قسە کردنیش لەگەڵ ئەو زانا گەورانەی پێشینان

ڕەچاو ناکات وسووکایەتییان پێدەکات، بە حەشەویە و موجەسیمە و نەزان  وزۆر وشەی نەشیاوی تر زانایانی سەلەف وەسف دەکات.

✍لەوانەیە ئەو شێوازە توند ونەشیاوەی ڕازی لە قسەکردنیدا لە دژی زانایانی سەلەف هۆکاری ئەوە بێت تاکو ئێستاش تێبینی دەکرێت زانایانی ئەو کۆمەڵە وبەڵکو عەوامیشیان  هەمیشە لەدژی نەیارانیان زمانیان زبرە وڕەچاوی ڕێزگرتنی مرۆڤەکان ناکەن وپەنا بۆ تۆمەت وبوختان و جنێو وناووناتۆرە دەبەن و ئەوە جۆرێك بێت لە کەوتنە ژێر کاریگەری فخرالدین الرازي بەو ئیعتیبارەی گەورترین کەسایەتی ئەشاعیرەیە لە درێژایی مێژوودا.

12 -ڕازی لە تەفسیرەکەیدا هەموو هەلێك بۆ سەرخستنی مەزهەبی ئەشعەرییەکان دەقۆزێتەوە وبەقەرزی نادات، بەڵکو  هەندێ جار بەتایبەتی لە کتێبی تردا وەکو کتێبی:

(تأسيس التقديس) وەكو جەهمييەكی پەتی سەرسەخت دەردەكەوێت وهیچ جیاوازییەكی لەگەڵ جەهمييەكاندا نییە.

13 -ڕازی لە تەفسیرەكەیدا لە باسەكانی قەدەردا، وەكو جەبرییەك دەردەكەوێت و عەقیدەی لەو بارەوە ڕێك پێچەوانەی عەقیدەی سەلەفی چاكی ئەم ئوممەتەیە، بە هۆی بنەمای (الكسب ) ولایەنە كەلامی و فەلسەفییەكانی تری ئەشاعیرە ، ڕازی مرۆڤ بە شێوەیەك وێنا دەكات كە توانای هەڵبژاردنی نییە وبڕیارەكانی بەدەستی خۆی نین.

14 -لە مەسەلەی عصمة و پارێزراوی پێغەمبەرانیش بیروبۆچوونەكانی ڕازی دیسان لە بیروبۆچوونی فەلاسیفەوە نزیك دەبێتەوە و بە پێچەوانەی عەقیدەو بیروباوەڕی

سەلەف لە مەسەلەی پارێزراوی پێغەمبەراندا ئایەتەکانی قورئان تەفسیر دەکات.

✍ فخرالدين الرازي سەبارەت بەوەی لە علم الكلام دا پێی دەوترێت: (الأصل النفسى للنبوات) واتە: بنچینەی دەروونی پێغەمبەرایەتی، بەتەواوی کەوتووەتە ژێر کاریگەری فەیلەسوفەکانەوە. ڕازی پێی وایە پێغەمبەرایەتی دەگونجێت تەفسیرێکی فەلسەفی کەلامی بکرێت ولە ئایەتی 51ی سورەتی شورا بۆ نموونە شیکردنەوەی زۆری لەو بارەوە کردووە.

15 -پێشەوا ابن تيمية یەکێکە لەو زانا گەورە و بەتوانایانەی کە بە جوانترین شێوە و بەبەڵگەی کیتاب و سوننەت و بەبەڵگەی عەقڵی تەنانەت هەندێ جار بەهەمان چەکی کەلامی و مەنتیقی خۆیان ڕەددی گومانەکانی ڕازی وئەشاعیرەی بەگشتی داوەتەوە و بەتێر و تەسەل لە

کتێبەکانی (درء تعارض العقل و النقل( و (بيان تلبيس الجهمية) ڕووبەڕوویان بووەتەوە ئەو خزمەتە گەورەی بە دینەکەی و بە موسوڵمانان کردووە.

✍هەروەها ابن قيم الجوزية، لە کتێبەکانیدا بەتایبەتی: (اجتماع الجيوش الاسلامية)، و(الصواعق المرسلة على الجهمية والمعطلة) و ( شفاء العليل في مسائل القضاء والقدر والحكمة والتعليل)، هاوشێوەی مامۆستاکەی گومان و شوبهەکانی فەخری ڕازی بە توندی شیتەڵ وپوچەڵ کردووەتەوە.

16 -ابن تيمية لە کتێبی (بيان تلبيس الجهمية في تأسيس بدعهم الكلامية 465/8) دەربارەی الفخر الرازي دەڵێت: ڕازی سەفسەتە و گومان درووستکردنی زۆری هەیە، بەڵکو کەس نییە لەناو ئەهلی کەلامدا بگاتە سەفسەتە و

گوماندرووست کردنی ئەودا، ڕازی شوبهەو گومانێکی باتڵی زۆر باس دەکات ودواتر وەڵامیکی لاوازی گومانەکان دەداتەوە.

17 -هەروەها أبو حيان الأندلسي لە تەفسیری (البحر المحیط) دا، بە توندی سەبارەت بە تەفسیرەکەی ڕەددی ڕازی داوەتەوە، کەسانی تریش وەکو الذهبي سەرەڕای ئەوەی ستایشی ژیری و شارەزایی ئەویان کردووە، بەڵام ڕەخنەیان لە عەقیدەی گرتووە.

✍أبو حيان وەکو زانایەکی گەورەی زمانزان و خاوەن تەفسیرێکی گرنگی وەکو (البحر المحیط) ڕەخنەی زۆری لە ڕازی گرتووە، لەوانە ڕۆچوون لە پرسەکانی علم الكلام وفەلسەفە و هەروەها بایەخدانی زۆر بە زانستە سروشتییەکان لەسەر حیسابی ئایەتەکە و لە هەموویشی

زیاتر ڕەخنەی زمانەوانی توندی لە ڕازی گرتووە بە هەڵبژارنەکان و باسە نەحوییەکانی ڕازی لە تەفسیرەکەیدا.

18 -ئەم تەفسیرە دەکرێت بوترێت تەفسیری ئەشاعیرەکانە و عەقیدەی ئەوانی بە شیکراوەیی و تێروتەسەل تێدا نمایش کراوە :

لەم تەفسیرەدا الله تعالى لەسەر عەرشی خۆی نییە وەکو فەرموویەتی: (الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى) ئەو استواء ە لەلای ڕازی ڕەت دەکرێتەوە و واتای تری بۆ دادەنرێت وەکو استیلاء.

بەهەمان شێوەی ئایەتەکانی تری سیفات، بەشیان تأویل کردن و لابردنە لەسەر حەقیقەتەکانیان، الله

دەفەرمویت (وجه)م هەیە (مجیء)م هەیە (نزول) و(استواء) و(ید) وپێکەنین و زۆر سیفەتی تری بۆ خۆی دیار کردووە کە لە قورئان و لە فەرموودە سەحیحەکاندا جێگیر بووە، بەڵام ڕازی بەوانە ڕازی نابێت و هەمووی پەك دەخات وبەبەهانەی تأویل ە وە تعطیل یان دەکات .

📜الله تعالی لە فەلسەفە و تێگەیشتنی فەخرەددینی ڕازیدا نەجیهەتی هەیە ، نە لەناو جیهاندایە، نە لەدەرەوەیەتی، نە لە هیچ جێگەیەکی تردایە، بۆیە نەیارەکانی ڕازی وئەشاعیرە پێیان وتووە وابێت ئێوە عەدەم دەپەرستن.

📜هەروەها الله عزوجل بە پێی تەفسیری ڕازی قسە ناکات، لەم مەسەلەدا تەواو لە موعتەزیلەکاندا نزیك دەبێتەوە ولەگەڵ بیرۆکەی خەلقی قورئاندا جیاوازییەکی زۆری نییە، هەرچی ئەو ئایەتانەش کەباس لە قسەکردنی

بیستراوی الله تعالی دەکەن بە دەنگ و بەپیت وزۆر ڕوون و ئاشکران لە قورئاندا، بەلای ڕازییەوە تأویل وتعطیل دەکرێت، تەنها دان بەجۆرێك لە قسەکردندا دەنێت کە ئەویش لێی ورد بیتەوە وەکو قسە نەکردن وایە! بە(کلام نفسي) ناوی دەبات.

هەروەها تأویل کردن -کە وەکو وتمان بە هەمان مەعنای تعطیل دێت - لە تەفسیری ڕازیدا بەبەردەوامی دەستی بۆ دەبرێت ویاسایەکی کارپێکراوە و زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئان بە بەهانەی تەئویلەوە پەکخراوە و ڕازی پشت بەستن بە تێگەیشتنی فەلاسیفە و ئەهلی کەلام و هەروەها بە پەنابردن بۆ فەرهەنگەکانی زمان، واتای تریان بۆ دادەنێت، بەڵکو جاری وا هەیە بەبەیتێکی شیعر مەعنای ئایەتێك دەگۆڕێت ونکوڵی لە حەقیقەتێك دەکات کە سەلەف بەو شێوە باوەڕیان پیی هێناوە، دەیگۆڕێت بۆ

مەعنایەکی تر هەرگیز سەلەف شتی وایان بەخەیاڵیشدا نەهاتووە.

19 - شێوازی باسکردنی ڕازی بۆ عەقیدە وتەوحید و باسەکانی بیروباوەڕ شێوازێکی جیاوازو نامۆیە بەو شێوازەی هاوەڵان و تابیعین و شوێنکەوتوانیان باسیان دەکرد، لە کاتێکدا ئەوان باشترینی شایەتی بۆدراوی ئەم ئوممەتن و لە هەموو کەسێك باشتر لە قورئان و لە سوننەت تێدەگەن.

📜ڕازی کاتێك باسی ئیمان وتەوحید وباسەکانی تری بیروباوەڕ دەکات قسەی فەلاسیفەی یۆنان وشوێنکەوتووەکانیان لە ڕۆژهەڵات و میکانیزمەکانی ئەوانت دێتە یاد نەك قورئان و سوننەت، ڕازی بۆ سەلماندنی بابەتەکانی ئیمان باسی (جوهر وعرض) و (الجسمية والتركيب) و(واجب الوجود) و(ممكن الجود) دەکات، باسی

بەڵگەی (حدوث الأجسام) دەکات، باسی (دليل الإمكان) و(أول واجب على المكلف) وبنەمای مەنتیقی و بنچینەی فەلسەفی و تورڕوهاتی ئەهلی کەلام دەکات، ئەو کەسەی بە هیدایەتی قورئان و سوننەت و ڕێنوێنی سەلەف ڕاهاتبێت، کاتێك ئەو تەفسیرەی ڕازی دەخوێنێتەوە دڵی توند دەبێت و گومانی نامێنێت کە خوێندنەوەی ئەو تەفسیرە هەڵە و زیانە نەك سوود و فێربوونی زانستی باش.

20 -لە خراپییەکانی ئەو تەفسیرە کە زانایان ڕەخنەیان لێ گرتووە، ئەوەیە دانەرەکەی زۆر لە زانستی فەرمووودەدا نەشارەزا بووە، تەنانەت زانایەکی گەورەی وەکوشمس الدين الذهبي لە کتێبی (ميزان الاعتدال 340/3) دا دەربارەی الرازي دەڵێت: (ولكنه عري عن الآثار) واتە لەبواری فەرمووودەو ئەقوالی سەلەفدا هیچی پێ نییە.

بەڵکو  زانایەکی ئەشعەری گەورەی وەکو السبكي لە کتێبی (طبقات الشافعية 14/2)کاتێك بەرگری لە ڕازی دەکات دژ بە الذهبي لەم مەسەلەدا ناتوانێت نکۆڵی بکات وئەویش جەخت لە جەهلی ڕازی لە سوننەتدا دەکاتەوە. بێگومان تەفسیرێکیش دانەرەکەی ئەوەندە لە سوننەت نەشارەزا بێت شارەزا بوونی لە علم الكلام و الفلسفة و علم الأصول کەلێنەکانی لە بواری عەقیدەدا بۆ پڕ ناکاتەوە و سوننەت بنەمای تێگەیشتنی ئیسلامی کیتاب و سوننەتە.

21 -سەرەڕای ئەو نەشارەزاییەی ڕازی لە بواری فەرموودەدا کە نەیارو دۆستیش شایەتی لەسەری داوە، ئەمەش لە کاتێکدا بووە ئەو  کەسێکی زۆر ژیر و زانا و زیرەکیش بووە ودیارە خۆی نەیویستووە لە فێربوونی فەرموودەو سوننەتدا ڕۆبچێت، وێڕای ئەو بارودۆخەی  لەو بوارە هەستیارەدا، ڕازی لە تەفسیرەکەیدا و لە کتێبەکانی تریدا، لە بابەتەکانی

عەقیدەدا فەرمودەی ئاحاد ڕەتدەکاتەوە با لە بوخاری و موسلیم یشدا هاتبێت، زۆر بەڕاشکاوانەش دەڵێت لەکاتێکدا پێویست بێت ڕەتکردنەوەی فەرموودەی بوخاری و موسلیم هیچ کێشەیەکی نییە.

له کتێبی (أساس التقديس في علم الكلام 127-129) ڕازی جەخت لەسەر ڕەتکردنەوەی حەدیسی بخاري ومسلم دەکاتەوە و دەڵێت: ئەو فەرمودەناسە غەیب زان نەبوونە وتەنها گومانی باشمان پێیان هەیە، بۆیە ئەگەر هەر فەرموودەیەك هەواڵێکی تێدا بوو نەدەکرا بخرێتە پاڵ رسول الله صلى الله عليه و سلم یەکسەر بەدڵنیاییەوە دەڵێن ئەوە فەرموودە نییە و مولحیدەکان بەدەم ئەو دوو فەرموودە ناسەوە هەڵیان بەستووە... ئینجا دەڵێت قسە لەم بارەوە زۆرە بەڵام ئەوەندە بەسە بوترێت لە بنچینەکانی دیندا درووست نییە دەست بەفەرموودەی ئاحادەوە بگیرێت. کە

ئەمەش بۆ خۆی تانەیەکی ڕوون ئاشکرایە لە هەردوو سەحیحی بوخاری موسلیم وڕەتکردنەوەی فەرموودەی ئاحادیش لە عەقیدەدا ئەگەر صحیح بێت ڕێك پێچەوانەی مەنهەج و ڕێبازی سەلەفی چاکی ئەم ئوممەتەیە.

23 -ڕازی لە کتێبی (المطالب العالية من العلم الالهي 117-113/9) تەنانەت زاهیری قورئانیش ڕەتدەکاتەوە و عەقڵی بەسەردا پەسەند دەکات! دەڵێت ئەگەر ئایەتێکی قورئان لەگەڵ عەقڵدا تێکگیرا بەڵگەی عەقڵ وەردەگیرێت نەك نەقڵ!، چونکە بەلای ڕازی بەڵگوەکانی قورئان و سوننەت ظني ن واتە ئەگەری گومانیان هەیە، بەڵام بەڵگەی عەقڵ قەتعییە و قابیلی گومان نییە.

لەم بارەوە عبدالرحمن بن يحيى المعلمي لە کتێبی (القائد إلى تصحيح العقائد/171) بە توندی و بەبەڵگەی

عەقڵ ڕازی ئیلزام کردووە کە ئەو عەقیدە فاسیدەی زۆر واتا و حوکمی خراپ لەخۆ دەگرێت و بەرپەرچی دەداتەوە.

📜 تێبینی: ئەو عەقڵەی کە ڕازی - وئەشاعیرە بە گشتی - تەقدیسی دەکەن و پەسەندی دەکەنە سەر قورئان و سوننەتدا و زاڵی دەکەن بەسەر واتاکانیدا، عەقڵێکە پەروەردەی فەلسەفە و زاراوەی کەلامی ومەنتیقی دوور لە کیتاب و سوننەتە، عەقلێکە دوور لە ڕووناکی وەحی درووست بووە و گەشەی کردووە، عەقڵێکە توێژەران کاتێك لێی وردبوونەتەوە تێبینی ئەوەیان کردووە هەمووی لە فەلاسیفەی یۆنان و شوێنکەووەکانیان لە ڕۆژهەڵات سەرچاوەی گرتووە وەکو أرسطو وأفلاطون و ابن سینا و ابن رشد و الفارابي وکەسانی تر.

24 -ئەگەرچی باسەکەمان تایبەتە بە تەفسیری (مفاتیح الغیب) و خودي ئەم ناونیشانە عەجیبەش بۆ تەفسیرەکە جێگای ڕەخنەی زانایان بووە لە ڕازی، بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ کتێبێکی تری ئەو بکەین، کە بریتییە لە:

(السر المكتوم في السحر ومخاطبة النجوم) ئەم کتێبە یەکێکە لە خراپترین و قەبیحترین کتێبەکانی ڕازی، تەواو دژ بە بیروباوەڕی ئیسلام وجۆرەها شیرك وبیروباوەڕی دژ بە دینی ئیسلام تێدایە، بەتایبەتی دەربارەی سیحر و وابەست بوون بە هەسارەکان و بەدەستهێنانی بەختەوەری و خۆ پاراستن لە خارپی و ناخۆشی لەڕێگەیانەوە، بۆیە هەر زوو زانایان ئەویان لەسەر ئەو کتێبە تەکفیر کردووە و لە بازنەی ئیسلام دەریان کردووە، بەڵام وەکو لە کتێبەکانی ابن تیمیة والذهبي دا هاتووە ڕازی دواتر لەو کتێبە تەوبەی کردووە و

پاشگەزبووەتەوە، بۆیە زانایانیش بەوهۆیەوە تەکفیرەکەیان لابردووە لەسەری.

📚هەندێ لە ئەشاعیرەی هاوچەرخ و پاڵ پشت بە قسەیەکی السبکي نکۆڵییان کردووە لەوەی (السر المکتوم) کتێبی ڕازی بێت، بەڵام بەڵگەکان لەسەر ئەوەی کتێبی ئەون زۆرن و تەنانەت خودی ڕازی لە سێ لە کتێبەکانی خۆیدا باسی ئەو کتێبەی خۆی کردووە و خوێنەری بۆ إحالة کردووە.

📚کێشەی گەورەش لەوەدایە ئەگەر گریمان ئەو کتێبە دانراوی ئەویش نەبێت، ڕازی لە کتێبی (المطألب العالية) کەوا هیچ کەس گومانی نییە لەوەی کتێبی ڕازییە و زۆر مەشهور و بەناو بانگیشە، هەمان ئەو بیروباوەڕانەی کە لە کتێبی السر المکتوم دا هاتووە لەوێ دووپاتی دەکاتەوە، ئەوەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی ڕازی لەسەر عەقیدەیەکی

هەڵە و گومڕا بووە و ئەو عەقیدەیەش بە ڕوونی لە تەفسیرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

25 -لە کتێبی (الأثر الفلسفي على آراء الرازي العقدية) کە توێژینەوەیەکی ئەکادیمیە لە نووسینی عبدالله الأنصاري، بەبەڵگەی زۆر لە تەفسیرەکەی و کتێبەکانی تری ڕازی، سەلماندوویەتی فخرالدین الرازي لە هەموو بابەتەکانی بیروباوەڕدا کاریگەری فەلسەفەی یۆنان و فەلسەکانی تری بەسەرەوە بووە، دەربارەی الله و پێغەمبەران و مەلائیکەت و ڕۆژی دوایی و قەدەر و لە هەموو باسەکانی تری عەقیدەدا، فخرالدین الرازي لەژێر کاریگەری فەیلەسوفەکان و تیۆرەکانیاندا بووە، دواجار ئەوەش بێگومان بەو واتا دێت کە لە مەنهەج و ڕێبازی سەلەف لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان زۆر دوور بووە.

🏁له کۆتاییدا:

ئەم تەفسیرە یەکێکە لە تەفسیرە زۆر مەشهورەکان لە مێژووی ئیسلامدا و بەدەریش نییە لە لایەنی مەعریفی بەسوود ، بەڵام لەبەر ئەوەی دانەرەکەی یەکێك بووە لە سەرانی ئەشاعیرە و ئەهلی کەلام و لەژێر کاریگەری فەیلەسوفەکاندا بوو، تەفسیرەکە وەکو ئاوێتەیەك وێنا دەکرێت لە حەق و باتڵ.

🖋سەردەمی ڕازی سەردەمی زاڵبوونی عیلمی کەلام و فەلسەفە بووە، بۆیە تەفسیرەکەی وەکو مەوسوعەیەکی گەورەیە لە زانستەکانی فلسفة ومنطق وکلام و زانستە سروشتییەکان وخستنەڕووی زۆر بیرۆکە و تیۆری ناکۆك لەگەڵ عەقیدەی قورئان و سوننەتدا دەرکەوتووە، بەم ئیعتیبارەش تەفسیرەکە هەرگیز ناگونجێت بۆ موسوڵمانان وەکو تەفسیرێکی باش و بەسود پۆلێن بکرێت.

بۆیه دەڵێین: بۆ فێرخوازانی زانست و ئەوانەی توانای جیاکردنەوەی حەق و باتڵ یان هەیە ولە مەسەلەکانی بیروباوەڕ و مەنهەج و تەوحیدیدا بەرچاوڕوون، دەتوانن لێی سوودمەندبن لەبەر ئەوەی توانایان هەیە لە خراپییەکانی پارێزراو بن

بەڵام بۆ خوێنەری ئاسایي کە بنچینەکانی ئیمان وکوفر وبنەماکانی فیرقەو تاقمە گومڕاکانی نازانێت و لەیەکتر جیایان ناکاتەوە، هەرگیز باش نییە ئەو تەفسیرە بخوێنێتەوە ومەترسی هەیە شوبهەو گومانێکی زۆری لە دینەکەیدا بۆ دروست بکات، چونکە بەڕاستی تەفسیرێکە ئەگەرچی جۆرەها سوودی زمانەوانی و گشتی لەخۆ گرتووە، بەڵام ڕێك وەکو هەنگوینێکە و ڕێژەیەك ژەهری تێکەڵ کرابێت، لەو حاڵەتەشدا خۆ پاراستن لە خراپي و لادانەکانی ئەو تەفسیرە لە عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت کارێکی ئەستەمە

وخوێندنەوەی بەدەر نییە لەسەرکێشی وخوێنەریش هیچ ناچار نییە بیخوێنێتەوە.

والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات.


إحسان برهان الدين

1448-محرم-21/ 2026-07-06

سلێمانی

# تێبینی زانایان لەسەر تەفسیری

# صفوة التفاسير





د. إحسان برهان الدين
www.ihsanburahm.com

ڕەخنەی زانایان لە:

# تەفسیری صفوة التفاسیر

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

تێبینی زانایان لەسەر تەفسیری (صفوة التفاسير)

(صفوة التفاسير) تەفسیرێکی بەناوبانگە، سێ بەرگە لە نووسینی شێخ محمد علي الصابوني، لێرەدا بە کورتی کۆمەڵە تێبینییەکی لە ڕوانگەی قسەی زانایانەوە لەسەر تۆمار ئەکەین و لەو زنجیرەش کە بە نیازین پێناسەیەك بۆ هەموو تەفسیرە بەناوبانگە دێرین و هاوچەرخەکان بکەین، لەوێ زیاتر باسەکە شیدەکەینەوە إن شاء الله.

زۆرێك لە ئەهلی عیلم لەوانەی جەخت لەسەر ڕاست و درووستی عەقیدەی سەلەف وپێویستی هەبوونی بەڵگەی شەرعی دەکەنەوە زۆر بە وردی لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵەکانی محمد علي الصابوني یان لەو تەفسیرەیدا خستووەتە ڕوو، لێرەدا تەنها هێڵە پانەکانی ئەو ڕەخنانە بەبێ شیکردنەوە دەخەمەڕوو:

1 -سەبارەت بە ناوی تەفسیرەکە (صفوة التفاسير) زانایان هەر لەو ناوەوە ڕەخنەیان لێ گرتووە و بۆ نموونە شێخ بکر أبو زيد ئەلێت:

چۆن بەو تەفسیرە بلێین پوختەی تەفسیرە باشەکانە لە کاتێکدا لەلایەکەوە لە تەفسیری الطبري و ابن کثیر وەردەگرێت، لە لایەکی تریشەوە لە تەفسیری الزمخشري موعتەزیلی  و الرضي ڕافیزی والصاوي قبوری زانیاری وەردەگرێت! دەڵێت ئەوە وەکو ئەوەیە کا و زێڕ پێکەوە تێکەڵ بکرێت.

2 -شێخ محمد علي الصابوني کە زانایەکی ئەشعەرییە و ئەوە ناشارێتەوە،  لە تەفسیرەکەیدا پشت بە کۆمەڵێك سەرچاوەی ئەهلی بیدەع دەبەستێت وەکو کتێبی ( تلخیص البیان) لە نوسینی الرضي کە هەم موعتەزیلی بووە و هەم شیعە، هەروەها تەفسیرەکەی ڕازی کە عومدەی مەزهەبی ئەشاعیرەیە وفەلسەفە و مەنتیق و زۆر بەڵای تری لە تەفسیرەکەیدا بەیەکدا کردووە، هەروەها  کۆمەڵێك لەو تەفسیرانەی کە لەسەر بیروبۆچوونی ئەشاعیرەو موعتەزیلە نووسراون لە تەفسیرە کۆنەکان سەرچاوەی متمانە پێکراوی (صابوني ن لە تەفسیرەکەیدا، ئەوەش بۆ خۆی لە ڕووی زانستی و مەنهەجییەوە تەفسیرەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

3 -لە زۆرێك لە ئایەتەكانی قورئانی پیرۆزدا بە مەجاز و بە استعارة تەفسیری ئایەتەكان دەكات، لە كاتێكدا كەلامی الله دەبێت لەسەر حەقیقەت نەك مەجاز تەفسیر بكرێت.

4 -كتێبەكە پڕە لە دەستەواژەی نامۆ و زانستی چڕ  بۆ ئاستی خوێنەران، وەكو زاراوەكانی ڕەوانبێژان بۆ نموونە: الطباق الجناس الاشتقاق الإطناب الحذف بەبێ ئەوەی ڕوونكردوەش بدات كە واتایان چییە.

5 -زۆر فەرموودە ئەهێنیتەوە سەبارەت بە هۆكاری دابەزینی ئایەتەكان بەبێ ئەوەی باسی پلەی فەرموودەكە لەڕووی سەحیحی و لاوازییەوە بكات.

6 -كاتێك لە كتێبەكانی ئەشاعیرە و موعتەزیلە نەقڵ دەكات، هیچ ڕوونكردنەوەیەك لەسەر قسەكانیان نادات، بەو شێوەش ئەوە بە تێپەڕاندنی بیروباوەڕەكانی ئەو تاقمانە دێتەئەژمار لەسەر خەڵكی ومتمانە لەسەر تەفسیرەكە كەم دكاتەوە.

7 -له زۆرێك له ئایەتەكانی سیفاتدا وەكو ئەوانەی كە نەفی سیفات دەكەن تەفسیری ئایەتەكان دەكات.

8 -هاوشێوەی ئەهلی كەلام ئەو ئایەتانەی كە دەیهێنێتەوە دەربارەی تەوحیدی الربوبیة تەنها بۆ ئەو بابەتە بەبەڵگەی دادەنێت و وەكو بەڵگە بۆ تەوحیدی الوهیة حیسابی بۆ ناكات و بەمەش موافەقەی ئەهلی كەلام دەكات.

9 -له پێناسەی ئیماندا لەسەر ڕێڕەوی مورجیئەكانە و پێناسەی ئیمان بەوە دەكات كە بریتییە له باوەڕهێنان، بەوەش له پێناسەی ئەهلی سونەت و جەماعەت بۆ ئیمان لادەدا كە ئەوان دەڵێن ئیمان قەول و عەمەلە قەولی زمان و دڵ، عەمەلیش عەمەلی دڵ و زمان و ئەندامەكان.

10 -تەعبیر و دەستەواژەی سۆفیەكان بەكاردەهێنیت له تەفسیرەكەیدا.

11 - لەبەر ترسناکی بابەتی تەفسیر و ئەو بوارەی کە تێیدا هەیە بۆ تێپەڕاندنی عەقیدەو بیروباوەڕی خاوەنەکەی و لەڕاستیشدا صابوني لەو تەفسیرەدا زۆر هەوڵی داوە عەقیدەکەی بەسەر خەڵکیدا تێپەڕێنیت بۆیە زۆر لە زانایان ڕەددیان داوەتەوە و تەحزیری موسوڵمانانیان لە تەفسیرەکەی کردووە، لەوانە:


✨ " -تنبيهات هامة على كتاب " صفوة التفاسير " " ، للشيخ محمد جميل زينو.

✨ " -ملاحظات على كتاب " صفوة التفسير " " للشيخ سعد ظلاَّم – عميد كلية اللغة العربية في مصر. -

✨ملاحظات على صفوة التفاسير " للشيخ عبد الله بن جبرين .

✨ملاحظات عامة على كتاب " صفوة التفاسير " " للشيخ صالح الفوزان.

✨ " التحذير من مختصرات الصابوني في التفسير " للشيخ بكر أبو زيد ، وهو ضمن كتابه الكبير " الردود " .


(أرسطو) ئیلهام بەخشی
فەیلەسوفە موسوڵمانەکان
ابن سينا (Al-Farabi)
ابن رشد (Averroes)
الفارابي (Al-Farabi)
أرسطو (Aristotle)
ابن طفيل (Ibn Tufail)
ابن طفيل (Ibn Tufail)
د. إحسان برهان الدين

# أرسطۆ

## ئیلهام بەخشی فەیلەسوفە موسوڵمانەکان

ئامادەکردنی

د. إحسان برهان الدین

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله لا نحصى ثناء عليه هو كما أثنى على نفسه، وأصلي وأسلم على من بعثه الله رحمة للعالمين و على آله و صحابته الكرام ومن تبعهم وسار على نهجهم إلى يوم الدين.**

**(رَبَّنَا آمَنَّا بِمَا أَنزَلْتَ وَاتَّبَعْنَا الرَّسُولَ فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ)**

(أرسطو ) كە لە كولتورى عەرەبيدا بە (أرسطاليس ) دەناسرێت، فەيلەسوفێكى يۆنانيە، لەساڵى 384پ ز لەدايكبووەو و لە ساڵى 322پ ز كۆچى دوايى كردووە ، قوتابى ئەفلاطۆنە كە بەگەورەترين فەيلەسوفەكانى يۆنان دێتە ئەژمار وبيست ساڵ لەبەر دەستى ئەودا زانست فێر بووە ، لە زۆربەی بوارەكانى زانستدا نووسينى هەبووە وەكو فيزيا و شانۆ و هۆنراوەو ڕەوانبێژى ومۆسيقا وسياسەت و...هتد.

- أرسطۆ ئينتيماى بۆ كۆمەڵێك هەبوو بە شوێنكەوتنى "اسقلبيسوس" دەناسران، كە لە بيروباوەڕى ئەواندا خواوەندى پزيشكى بووە، نەشزانراوە أرسطۆ لە ژيانيدا بە پيشەی پزيشكى خەريك بوو بێت. بەڵام باوكى پزيشكى تايبەتى پادشاى مەقدۆنيا "آمنتاس " ى دووەم بووە، بەڵام باوكى هەر زوو مردووە و ئەرستۆ لە لايەن خزمێكييەوە پەروەردە كراوە و ژيانێكى نا جێگيرى بەسەر بردووە.

- لە سەرچاوەكاندا بەوە وەسف كراوە كە لە قسەكردندا سەرزمانى گرتووە، لاشەيەكى لاوازى هەبووە و چاوى بچووك بووە، بە جلە بريق وباقەكانى و بە هەردوو ئەنگوستيەلەكانى و شێوازى داهێنانى قژى سەرنجى خەڵكى ڕاكێشاوە، ئەو پەيكەرەش كە ئێستا لە مۆزەخانەيەكى

ڤییەننایە هیچ بەڵگەیەك نییە کە پەیکەری ئەو بێت ووینەی ڕاستەقینەی ئەو بێت.

- هەر لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە باوکی ناردی بۆ ئەسینا بۆ تەواوکردنی خویندن و فێربوون، لەوێ چووە ئەکادیمیای ئەفلاتۆن و لەوێ فێری زانستەکانی فەلەك و ئەندازیاری و ماتماتیك و زانستی تر بوو.

- هەندێ لە توێژەران پێیان وایە ئەرستۆ تاکو مردنی مامۆستاکەی لەسەر ڕێبازی ئەفلاتۆن بووە، هەندێکیش پێیان وایە هەر لە ژیانی مامۆستاکەیدا لێی جیابووەتەوە و ئەفلاتۆن وتوویەتی ئەرستۆ من بە چاوێکی کەمەوە تەماشا دەکات. بەڵام بەهەر حاڵ ئەرستۆ لەدوای مردنی مامۆستاکەی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی مەعریفیدا دەست پێ دەکات.

-لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا لەدوای گەشتێکی زانستی بەرەو ئاسیای بچووك گەڕاوەتەوە بۆ ئەسینا و هەڵساوە بە دامەزراندنی "اللوقیوم" کە قوتابخانەیەکی سەربەخۆی زانستی بووە و ئیسکەندەری مەقدۆنیش یارمەتی داوە و هاوکاری بۆ ئەو مەبەستە پێشکەش کردووە. ئەرستۆ دوو

جۆر وانەی هەبوو بەیانیان بۆ فێرخوازانی زانست و ئێواران بۆ هەندێ مشتومڕی سیاسی وباسی تر بۆ خەڵکی بەگشتی .

- ابن النديم لە کتێبی بەناوبانگی ( الفهرست) داکتێبەکانی أرسطوطاليس ی کردووەتە ئەم بەشانەوە: (المنطقيات، الطبيعيات، الإلهيات، الأخلاقيات). بەڵام مصطفى النشار لە کتێبی "أرسطو رائد التفكير العلمي" کردوویەتی بە ووبەشەوە و بەشێوەیەکی جیاوازتر دابەشیانی کردووە. بەهەر حاڵ دەوترێت زیاتر لە 400 کتێبی هەبووە زۆربەی لەناو چووە و بەدەستمان نەگەیشتووە،

-بەڵام هەندێ لە مێژوونووسە عەرەبەکانی وەکو "ابن القفطي" و"ابن أبي أصيبعة" 92 کتێبیان بۆ ئەرستۆ ئەژمار کردووە.

شوێنکەوتووانی أرسطۆ لە دەستەواژەی عەرەبی بە (المشائين) دەناسرێن، چونکە ئەو بە ڕێکردنەوە قسەی بۆ قوتابیەکانی دەکردو وانەی پێدەدان.

باوکی پزیشکی تایبەتی ئەسکەندەری مەقدۆنی بوو ، بەڵام ئەو پادشایە لە ساڵی 322پ ز مرد و ئەرستۆ یش بە لایەنگری ئەو دەناسرا بۆیە کە

ئەسینا کەوتە دەستی دوژمنانی ئەسکەندەر، ئەرستۆ هەڵهات بەرەو شاری خەلسیس ولەویٚ نەخۆش کەوت ومرد.

قسە نییە لەسەر ئەوەی ئەرستۆ بلیمەت وزانایەکی گشتگیر بووە ، بەڵام لەبەر ئەوەی تەنها پشتی بە عەقڵی خۆی دەبەست دوور لە ڕووناکی ورێنموونی وەحی ودینی ئیلاهی، بۆیە وەکو زانایان دەڵێن کەوتە زۆر هەڵەی گەورەوە.

-بیرۆکەکانی ئەرستۆ تاکو ساڵی 329میلادی لە ئەسینا بەوانە دەوترانەوە، تاکو ئەوکاتەی ئیمبراتۆر جوستنیان هات و قوتابخانە فەلسەفییەکانی هەمووی داخست.

-بەڵام لەو سەردەمەی بە (العصر الوسیط) دەناسرێت، فەیلەسوفە عەرەبەکان دەستیان کرد بەشەرحی کتێبەکانی ئەرستۆ و ابن رشد هەڵسا بە وەرگێڕانی کتێبی (الكون والفساد) و لەوکاتەوە ئیتر ابن رشد بە مامۆستای دووەم ناسرا واتە مامۆستای یەکەم ارسطۆطالیس بووە و ئەویش دووەم.

-فەیلەسوفە عەرەبەکانی وەکو ابن سینا والکندي والفارابي. بە توندی کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو فەیلەسوفەوە، دواتر لەسەردەمانی دوای ئەواندا کاریگەری ئەرستۆ بە سەر فەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوا بەزۆری دەرکەوت وەکو: دیکارت وکانْت.

- دوای ئەوەی فەیلەسوفە عەرەبەکان کتێبەکانی ئەرستۆیان وەرگێڕا و شەرحیان کرد، بیرۆکەکانی ئەرستۆتالیس کەوتە ناو کتێب وسەرچاوەی جەماعەتە ئیسلامییەکان، بەتایبەتی لەبواری منطق دا أبو حامد الغزالي بنەما ئەرستییەکانی وەکو ئامرازێك بۆ گفتۆگۆ و مشتومڕی لە باسەکانی بیروباوەڕدا بەکارهێنا ووایەبینی هیچ تێکگیرانێکی لە گەڵ عەقیدەدا هەبێت وئەوەش سەرەتایەکی زۆر خراپ بوو کە دواتر سەرانی قوتابخانەی ئەشاعیرە بەتایبەتی ڕازی تبني کرد و بەکاری هێنا، بۆیە زۆر باوە وئاساییە لە کتێبەکانی ئەو قونابخانەیە زاراوەکانی وەکو: (الجوهر، العرض، الكم، الكيف) بەکاربهێنن بۆ باسەکانی الأسماء و الصفات لە کتێبەکانیاندا.

- هەروەها ئەشاعیرە بۆ دژایەتی خودی فەلسەفەش لەو بەشانەی کە دژایەتییان دەکرد بەهەمان شێوە پەنایان بۆ فەلسەفەی ارسطۆ برد، بۆ

**نموونە غەزالی لە کتێبی (تهافت الفلاسفة) بۆ بەرپەرچدانەوەی بان رشد و فەلاسیفە بەگشتی پەنای بۆ بنەماکانی فەلسەفەی أرسطو برد.**

**-دزەکردنی فیکری ئەرستی بۆ ناو علم الکلام بەیەك جار نەبوو بەڵکو بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕی، سەرەتا لە کتێبەکانی (المستصفی)ی غەزالی و "البرهان في أصول الفقه" ی ئیمامی حەرەمەینی جوەینی دەستی پێکرد.**

**بەڵام دواتر کار بەوە نەوەستا تەنها کەوتنە ژێر کاریگەری بێت، بەڵکو زۆر بەڕوونی و بەزەقی شوێنکەوتنی زانایانی کەلام بۆ فەلسەفەی ارسطۆ و فەلسەفەی یۆنانی بەگشتی دەورکەوت، بۆ نموونە لە کتێبەکانی :**

*** "نهاية الأقدام في علم الكلام" ی الشهرستاني.**

*** "المطالب العالية من العلم الإلهي" و"محصل أفكار المتقدمين والمتأخرين"ی فەخری ڕازی.**

**لەگەڵ ئەوەش کە ارسطۆ زانایەك بووە و وەکو وتمان لە چەندین بوارەکانی مەعریفەتدا بلیمەت بووە ، بەڵام زانایان هەڵەی زۆر گەورەیان لەسەری تۆمار کردووە، و**

ئەمانەی خوارەوە هەندێکە لە بۆچوونە هەڵەکانی ئەرستۆ کە کورد واتەنی مشتێکە لە خەروارێك وتەنها بۆ نموونە هێناومەتەوە ولە قسەی زانایان و توێژەران وەرمگرتووە:

-ئەرستۆ دەیووت: پەروەردگار تەنها شتە سەرەکییەکان دەزانێت و ئاگای لە وردەکاری شتەکانی تر نییە کە لەم گەردوونەدا دەگوزەرێت .

هەروەها وەسفی الله ی بە ( المحرك الذي لا يتحرك) و (العلة الأولى) دەکرد واتە: ئەو بزوێنەرەیە کە خۆی نابزوێت! دانی بەوەدا دەنا الله سیفاتی بێکەم وکوڕی تێدایە، بەڵام هاوکات دەیوت هێزی نییە...

بە (جوهر) ناوی دەبرد و لە کاتی وردبوونەوە لە پێناسەکەی وا دەردەکەوێت الله ی تەنها بە عەقڵێکی بەتوانا وێنا کردووە.

لە کاتی وردبوونەوە لە تێگەیشتنی ئەرستۆ بۆ زاتی الله و پێناسەکانی بۆ ئەو زاتە بە ڕوونی لە کاریگەربوونی زانا و فەیلەسووفەکانی موعتەزیلە و ئەشاعیرە وفیرقەکانی تر تێدەگەیت بە فیکری ئەرستۆ و ئەفلاتۆن.

-لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە ئەو بنەمایانە دەکەم کە تاقمە ئیسلامییەکان سەبارەت بە الله عزوجل وسیفاتەکانی کەوتنە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ارسطۆ ولە کاتی تر إن شاء الله بە شیکراوەیی باسی دەکەین:

* له بنەمای "المحرك الذي لا يتحرك" نكۆڵی كردنیان له سیفەته خەلەرییەكانی الله عزوجل وەرگرت وەكو هاتن و دابەزین و پێكەنین و سیفەتەكانی تر. چونكه ئەرستۆ پێی وایه جوڵه و گۆڕانكاری بەڵگەی لەسەر نەقس و كەموكورتی ونابێت الله بەوە وەسف بكرێت.

* دابەشكردنی (الجوهر والعرض) به پێی ئەم وتەی ئەرستۆ بۆ نموونه ئەشاعیرەكان وتیان الله نابێت لەسەر عەرش بیت چونكه ئەگەر وابێت واته (جسم)ه و پێویستی به شوێنه ولەم باسەوە بۆ فەلسەفەیەكی ئەرستی دوورودرێژ دەرچوون و بەرگێكی ئیسلامیشیان به بەرگی ئەو بیرۆكه ئەرستییەدا كرد.

* لەبەر ئەوەی له (التركيب والتبعيض) ڕزگاریان بیت كه ئەرستۆ باسی دەكات، هەڵسان به نكۆڵی كردن له سیفاتەكانی الله عزوجل و سەرلەبەریان بەواتای تر تأویل كرد جگه له حەوت سیفەت نەبێت.

* بەهۆی بنەمای "القدم الأزلي" هەڵسان به نكۆڵی كردن له شوێن و جێگا بۆ الله عزوجل و وتیان الله نه لناو جیهانه و له دەرەویەتی و نه

لەهیچ شوێنیکی ترە چونکە ئەگەر لەهەر شوێنیکی تر بێت واتە ئەو پێویستی بە شوێن و جێگایە.

* هەروەها لەبەر ئەوەی لە مەسەلەی جیگیر کردنی هیچ جوڵە و قسەیەکی یەك بەدوای یەکدا خۆیان دەرباز بکەن کە ئەوە بەشێکە لە فەلسەفەی ارسطۆ دەربارەی الله عزوجل، نەفی قسەکردنیان لە الله عزوجل کرد و جۆرە قسەکردنێکی تریان بۆی جیگیر کرد کە پێی دەوترێت (الكلام النفسي) کە بریتی نییە لە وشە و لە دەنگ بەڵکو قسەیەکە لەناو دەرون ونەفسی الله تعالى دروست دەبێت وبەوەش تەواو لە بیرۆکەی خەلقی قورئان نزیك بوونەوە کە چەند تاقمێکی ئیسلامی تەبەنی دەکەن.

بە کورتی ئەو پەروەردگارەی ئەو باسی دەکات ئاگادارە زانایە، بەڵام بێ دەسەڵاتە! ئەم بۆچوونەش وردەکاری زۆری تێدایە بە وردەکاری زۆرتریشەوە بەرپەرچ دراوەتەوە کە ئێرە جێگای باسکردنی نییە.

- ئەرستۆ دربارەی جیهان وگەردوون دەیووت ئەزەلیەو نەسەرەتای هەیە و نە کۆتایی! هەر بۆیە باوەڕی نەبوو بە بوونی کەسێك بە بێ باوك ودایك درووست بووبێت بە هەمان شێوە باڵندەو و ئاژەڵەکانیش! دیارە

ئەمەش پێچەوانەی زانستی نوێیە کە تەمەنی دونیایان بە 13 ملیار ساڵ مەزەندە کردووە ووتوویانە حەتمەن کۆتاییشی هەیە.

- قەناعەتی وابوو جیهان لە پێنج پێکهاتە درووست بووە: خۆڵ وئاو و هەوا و ئاگر وپێنجەم پێکهاتەش بە (أثير) ناوی دەبرد..بێگومان تێکڕای ئەم بۆچوونانەی هەڵە دەرچوون.

- باوەڕی بە وەسەنییەت و فرە خوایی هەبوو وهەندێ لە هەسارەکانی جیهانی سەرەوەی بە خواوەند وەسف دەکرد.

- ئەم باسانەی سەرەوە وکۆمەڵێك باسی تر کە لەژێر بابەتی (الالهيات) پۆلێن دەکریت بە تەعبیری خۆمان وەکو مولحیدێك یان موشریکێك نووسیوێتی.

جیگای ئاماژەیە هەر یەك لە ( البيروني ، ابن تيمية ، ابن القيم ،محمد علي أبي ريان ،ول ديورانت ، برتراند راسل ، ماجد فخري )، بە تێروتەسەل بەرپەرچیان داوەتەوەو بیرۆکەکانیان هەڵوەشاندووەتەوە.

- لە بواری پزیشکیدا زۆر بۆچوونی هەڵەی هەیە: لەوانە دەیوت درووست بوونی کچ وکوڕ پەیوەندی بە چڕی وتەڕی ئاوی پیاو هەیە. هەروەها زنجیرەیەك بۆچوونی هەڵەی هەیە هەمووی لە خۆیەوە هەڵیهێنجاون وڕاستی نەپێکاوە.لەوانە: دەیووت: ئەگەر برۆی مرۆڤ

لار بێت بەرەو لاجانگ ئەوە خاوەنەکەی کەسێکی گاڵتەجار و خراپ وحەسوودە !

یان ئەگەر ناو گوێ تووکێکی کەمی تێدا بێت خاوەنەکەی بیستنی باشە.

یان دەیووت: گوێ گەورە نیشانەی گەمژەیی خاوەنەکەیەتی!

لەگەڵ دەیان بۆچوونی لەم چەشنە.

تێبینی: زۆرێك لە بیرمەند و بلیمەتەکانی جیهان گوێیان زور گەورە بووە..

-لەبواری زانستی فەلەك وگەردووناسیدا دەیوت: هەسارەکان دوو جۆرن جێگیر و جووڵاو ، پێویستیشیان بە هیچ هۆکاریك نییە هەڵیانگرێت.

-لە بواری زانستی زیندەوەر و ئاژەڵدا بیردۆزەکانی پێکەنینی مرۆڤ دەوروژێنێ ئەوەندە سەیرو سەمەرەن، تەنها یەك نموونە باس دەکەم ئەو پێی وابوو تمساح زمانی نییە! لە کاتێکدا تمساح زمانێکی زۆر پانی هەیە.

لە بارەی کۆمەڵناسیەوە پێی وابوو یۆنانییەکان باشترین ڕەگەزی مرۆڤەکانن!

- لەبارەی ئافرەتەوە دەیووت: فەرمان بۆ پیاوە نەك بۆ ژن ، سرووشت کەسانێکی ئامادە کردووە بۆ فەرمانکردن وەکو پیاو، کەسانێکیش هیچ ئیرادەیەکیان نییە وەکو کۆیلە.

پێیشی وابوو ئافرەت لە بنەڕەتەوە ژیری تێدا نییە!کۆیلایەتیشی بە پێویستییەکی مرۆڤایەتی دەزانی!

بەدەر لەو خەرمانەی بەدەوری ئەرسطۆ درووستکراوە ئەوەیە ڕاستیەکی ، لەوانەشە کەسێك بەڵگە بهێنیتەوە بە ستایش کردنی (ابن رشد ، مصطفی النشار ، فؤاد الأهواني ، محمد عابد الجابري) بۆ ئەرستۆ ، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی زانایان بۆ هزری ئەو فەیلەسوفە و شیکردنەوەیان بۆ هەڵەکانی هیچ بوارێك ناهێڵێتەوە ئاوڕ لەو ستایشانە بدرێتەوە.

ئەمە جگە لەوەی هەندێ لەئەو کەسانە خۆیان گرفتی گەورە لە دەوری بیروباوەڕیاندا هەیە وەکو ئیبن ڕوشد و محمد عابد الجابري.

بۆ شیکردنەوەی ئەم باسانە و زیاتر شارەزابوون دەربارەی تاوانەکانی ئەرستۆ لە بەرانبەر زانست و عەقڵ و مەنتیقدا.


بروانە :

-(جنايات أرسطو في حق العقل و العلم/الدكتور خالد كبير علال) كتێبێكی زۆر زانستیە و هەمووی بە بەڵگە و بە قسەی زانایان ووێنە هەڵەكانی .دەسەلمێنێ.

http://www.almeshkat.net/books/open.php?cat=63&book=6833#.VQ7Foo6_hWE

-وتارێك و راپۆرتێكی كەناڵی الجزيرة دەربارەی ارسطۆ بەناونیشانی: أرسطو.. تلميذ أفلاطون و"المعلم الأول" للمنطق .

ئەم نووسینە لە بنچینەدا وتارێك بوو لە 22-3-2015 بڵاوم كردەوە، بەڵام لەم ڕۆژانە پێداچوونم بۆ كردەوە و زانیاری ترم بۆ زیاد كردووە.


کاریگەری ارسطو
لەسەر عەقیدەی ئەشاعیرە
د. إحسان برهان الدین
ΦΙΛΟΣΟΦΙΑ

كاریگەری ارسطو لەسەر:

# عەقیدەی ئەشاعیرە

ئامادە کردنی

د. إحسان برهان الدين

بسم الله الرحمن الرحيم

بەوردبوونەوە لە بوارەکانی کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی بەگشتی و فەلسەفە وهزری أرسطو بە تایبەتی لە سەر فیکری زانایانی ئەهلی کەلام، دەبینین زۆرترین کاریگەری ئەوان لە بواری ئیلاهیاتدا بووە، واتە ئەو بوارەی پەیوەندیدارە بە بوون و زاتی الله تعالی وناو سیفەتەکانی وکردارەکانی و هەروەها ئەوەی پەیوەستە بە پێغەمبەرایەتی وبەرزەخ ورۆژی دوایی وبابەتە غەیبییەکانی تر.

بەڵام کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی بەسەر زانایانی ئەهلی کەلامدا، تەنها لە بورای (الإلهيات)دا قەتیس نەبووە، بەڵکو لە بواری (منطق) و شێوازەکانی (استدلال) و بەڵگە وەرگرتن و بواری تریشدا کاریگەری زۆریان بەسەریانەوە بووە، زێدەڕەوی تێدا نییە ئەگەر بڵێن زانایانی کلام تا ڕاددەیەکی زۆر لە فەلسەفە و مەنتیقی یۆنانیدا توانەوە.

لەم کورتە وتارەدا هەوڵ دەدەین ئەو لایەنانەی (أهل الكلام) مەبەستیشمان پێیان لێرەدا بەدیاریکراوی زانایانی ئەشاعیرەیە کە بەشێکی

گرنگن له ئەهلی کەلام و عەقیدەشیان لەسەر بنەماکانی ئەوان دامەزراوە، کەمێك بە وردی دیاری بکەین ودەپرسین: ئایا زانایانی ئەهلی کەلام بە تایبەتی زانایانی کۆمەڵی ئەشاعیره له باسکردنی بابەتەکانی أسماء و صفات و پرسەکانی تر کە بە ئیلاهیات ناوی دەبەن، تا چەند کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو فەلسەفانەی ئاماژەمان پێکرد؟ سەبارەت بە کاریگەری فەلسەفەی ئەرستۆ و ویۆنانییەکان له بواری ئیلاهیاتدا له چەند تەوەرێکدا خۆی دەبینێتەوە، لەوانە:

-1له بابەتەکانی ئیماندا زانایانی (أهل الكلام) پشتیان بە پێوەرەکانی ئەرستۆ بەستووە لەو بوارەدا، زۆر بە کورتی: ئەرستۆ شێوازێکی بۆ وەرگرتنی بەڵگەی عەقڵی هەیە پشت بە دوو پێشەکی و دەرەنجامێك دەبەستێت، بەم شێوەی خوارەوە :

پێشەکی یەکەم: حوکمێکی گشتی لەسەر مەسەلەکە دەدات. نموونەکەشی: (هەموو مرۆڤێك دەمرێت).

پێشەکی دووەم: داخل کردنی حاڵەتێکی تایبەت له ژێر حوکمە گشتییەکەدا. بۆ نموونە: (ئەرستۆ مرۆڤە).

دەرەنجام: بریتییە لەوەی لەو دوو پێشەکییەوە بەرهەم دێت. نموونەکەشی :

)کەواتە ئەرستۆ دەمرێت.(

ئەمەی باسکرا نموونەیەکی مەشهوری فەلسەفە و قیاسی ئەرستۆیە،

ئەمە شێوازە سادە و ئاسانەکەیەتی، بەڵام زۆر جار لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم دوو پێشەکی و دەرەنجامە بە شەرح و میکانیزمێکی چڕ دایبەزێننە سەر پرسەکە.

زانایانی أهل الكلام لەسەر وجودی الله ودرووستبوونی گەردوون و ناووسیفەتەکانی الله تعالى وەکو خۆی یان بە هەندێ دەستکارییەوە کاریان بەم یاسا و پێوەرەی أرسطو کرد.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێش: ئەم بنەما فەلسەفییەی ئەرستۆکە پێوەرێکی مەنتیقییە، چۆن لەلایەن زانایانی کلام وەکو غەزالی و جوەینی و ڕازی و فەیلەسوف و زانایانی تر چۆن بەکارهێنرا؟ وەڵامەکەش ئەوەیە: ئەوان لە جیاتی ئەوەی بچن وەکو هاوەڵان و تابیعین و سەلەفی چاکی ئەم ئوممەتە خۆیان تەسلیمی دەقەکانی قورئان وسوننەت بکەن و بڵێن (آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا) ، هەڵسان بەبیانووی گرتنەبەری ڕێگای زانستی بۆ ئیمان هێنان، خۆیان خستەناو گۆماوی فەلسەفەی یۆنانی و منطق و پێوەر و ڕێگاکانی ئەوانیان بۆ سەلماندنی بابەتەکانی قورئان لە عەقیدەدا گرتەبەر! ئەو پێوەرەی ئەرستۆیان بۆ زۆرێك لە بابەتەکانی عەقیدە بەکاربرد وبەتایبەتیش لە هەستیارترین بوارەکاندا کە پەیوەندیدار بوو بە الله تعالى و ناوو سیفەتەکانی و وتیان:

-هەموو داهێنراوێك پێویستی بە داهێنەرێك هەیە.
-جیهانیش لە عەدەمەوە درووست بووە وڕوویداوە.
-کەواتە جیهان داهێنراوە.
ئینجا زێدەڕوییان کرد و ئەم پێوەرەیان لەسەر خودی الله تعالى جێبەجێ کرد و وتیان:
-هەموو تەن و جسمێك دەبێت لە جێگەیەکدا بێت وپێویستی بە جێگەیە.
-هەموو مرۆڤێك تەنە، بریتییە لە لاشەو جسم.
-کەواتە هەموو مرۆڤێك دەبێت لە جێگەیەکدا بێت.
بەکارهێنانی ئەم پێوەرە بەچڕی لە کتێبەکانی فخرالدين الرازي والآمدي وأبو حامد الغزالي وەدی دەکرێت.

بەڵام ئەم پێوەرەی ئەرستۆ یان چۆن لەسەر الله تعالى جێبەجێ کرد؟ وەڵامەکەش ئەوەیە وتیان:
*پێشەکییە گەورەکە ئەوەیە هەموو ڕووداو وداهێنراوێك دەبێت داهێنەرێکی هەبێت.
*پێشەکییە بچووکەکەش لەبەر ئەوەی جیهان دوای نەبوون هاتووەتەبوون و ڕوویداوە، کەواتە جیهان داهێنراوە.
*دەرەنجامەکەش ئەوەیە الله تعالى داهێنەرەکەیەتی، بەمە ئەڵێن (دليل الحدوث).

-2 بەكارهێنانی فەلسەفە و پێوەری ئەرستۆ لە مەسەلەی تەوحیددا:
كاریگەربوونی ئەهلی كەلام وئەشاعیرەكان بە بنەماكانی ئەرستۆ جارێكی تر لە تەوحید و یەك پەردگاریدا بەكارهێنرا و وتیان:
پێشەكی گەورە: ئەگەر جیهان دوو پەروەردگار و خالیق ی بوایە تێكدەچوو.
پێشەكی بچووك: جیهان تێكنەچووە و بەڕێكوپێكی كاروبارەكانی ڕێدەكات.
دەرەنجام: كەواتە الله یەك زاتە... ئا لێرەشەوە سیفاتەكانیان ئینكار كرد چونكە سیفەت زیادەیە لەسەر ذات.

-3 سەلماندنی ئەوەی الله تەن نییە:
ئینجا لەبەر ئەوەی بە زاهیری ئایەت و فەرمودەكان ڕازی نەبوون وەكو بەڵگەی یەكلاكەرەوە خۆبەستەوەدانی سەبارەت بەناسینی الله عزوجل، هاتنە سەر ئەوەی بیسەلمێنن كە الله عزوجل جسم نییە ودیسان پێوەرەكەی ئەرستۆیان بەكار هێناو وتیان:
پیشەكی گەورە: هەموو تەنێك، (جسم) ێك، (مركب) بێت، واتە لەچەند بەشێك پێكدێت بەسەر یەكەوە.
پێشەكی بچووك: هەموو جسمێك لە چەند بەشێك پێكهاتبێت پێویستی بەبەشەكانی تری خۆی هەیە، بۆ نموونە مرۆڤ پێویستی بە ئەندامەكانی خۆی هەیە وەكو دەست و چاو.

دەرەنجام: کەواتە هەموو تەنێك بێ نیاز وپێویستی نییە. لەمەشەوە بە کۆمەڵە دەرەنجامێکی دژوار و ناکۆك دەرچوون لەگەڵ بیروباوەڕی کیتاب و سوننەت و سەلەفی چاکی ئەم ئوممەتە کە بریتی بوو لە بەرجەستە کردنی پێوەرەکەی ئەرستۆ لەسەر زاتی الله عزوجل بەم شێوەی خوارەوە:

-هەموو خاوەن پێویستی و نیازێك کە پێویستی بە غەیری خۆی بێت، ئەوە پەروەردگار نییە. الله تعالی پەروەردگارو خالیقە، کەواتە الله عزوجل جسم نییە. وەکو دیارە پێورەکانیان هەمووی مەنتیقییە ولەسەر پێوەرەکانی زانستی منطق دامەزراوە، ئا لێرەشەوە هیچ ڕێگەیەکیان لەبەردەمدا نەما بۆ جێبەجێکردنی ئەو پیوەرانە جگە لەوەی نکۆڵی لەوە بکەن الله لەسەر عەرشی خۆیەتی، چونکە بەپێی ئەو پێوەرە مەنتیقیانەی ئەرستۆ، ئەگەر استواء وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، واتای ئەوە دەگەیەنێت الله پێویستی بە غەیری خۆی هەیە، عەرش وهەڵگرانی عەرش وەکو نموونەیەك.

-3 هۆکاری ئینکار کردنی ئەشاعیرە بۆ (جهة) دانان بۆ الله عزوجل: لەم بەشەی عەقیدەشدا ئەشاعیرە هەمان پێوەرەکانی ئەرستۆیان بەرپا کرد بەم شێوەی خوارەوە:

پێشەکی گەورە: هەرچی شتێك لە جیهەت و لایەکدا بێت کەواتا (جسم) تەنە.

پێشەکی بچووك: الله تەن (جسم) نییە.
دەرەنجام: کەواتە الله تعالی نابێت جیهەت و شوێنی دیاری کراوی هەبێت. ئەمەش یەکێکە لەو پێوەرانەی الآمدي وفخرالدين الرازي سەبارەت بە نەفی کردنی جیهەت بۆ الله عزوجل بەکاری دەهێنن، بۆ نموونە غەزالی لە کتێبی الاقتصاد في الاعتقاد دەڵێت: جیهەتەکان شەشن سەروژێر وڕاست وچەپ و پێش وپاش الله تعالی نابێت بەهیچ لەو جیهەتانە وەسف بکرێت وهەروەها نە لەناو جیهاندایە و لە دەرەوەیەتی.

4- هۆکاری نکۆڵی کردنی ئەشاعیرە لە جوڵە و دابەزین وئەو سیفاتە خەبەرییانەی لە ئایەت و فەرموودەکاندا هاتووە بۆ نموونە دابەزینی الله تعالی بۆ ئاسمانی یەکەم:
ئەمەش بەهەمان شێوە هۆکاری بەرجەستە کردنی ئەوان بوو بۆ پێوەرکانی ئەرستۆ، پێوەرەکە لەم بەشە بەم شێوە بەکاریان هێنا:
پێشەکی گەورە: هەرچی بجوڵێتەوە داهێنراوە ودوای نەبوون هاتووەتە بوون و(حادث)ە.
پێشەکی بچووك: الله تعالە (قديم)ە.
دەرەنجام: کەواتە الله عزوجل ناجوڵێت، کە نەشجوڵێت ئیتر استواء و هاتن و دایبەزین و هەموو ئەو سیفەتانەیان نەفی وتعطیل کرد.
بۆیە هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانەی باسی هاتنی الله تعالی دەکات: (

وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا )الفجر:22. یان (استواء) ی الله تعالی لەسەر عەرشی خۆی: (لرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى)طه: 5. یان ئایەتی: ﴿وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ﴾ (الرحمن: ٢٧). یان ئەو ئایەتانەی باسی دەست دەکات وەکو: ﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ﴾ (المائدة: ٦٤). یان ئەوەی باسی چاو دەکات: ﴿وَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا﴾ (الطور: ٤٨). هەروەها هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانەی باسی تورەبوون و رازیبوون و پێکەنین و زۆر سیفەتی تری الله عزوجل دەکات، نکۆڵییان لە واتای هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانە کرد و تأویل یان کرد و واتای تریان بۆی دیاری کرد.. بەو شێوەیەش پێوەرە مەنتیقییەکانی ئەرستۆیان جێبەجێ کردە سەر هەموو ئایەت و فەرموودەکانی سیفاتدا وتێگەیشتنێکی نامۆ و جیاوازیان لە تێگگەیشتنی سەلەف بۆ خۆیان دیاری کرد وزانایانی سەلەفیان بە مجسمة وەسف کرد وهێرشی زۆر توندیان لەدژیان کرد .

5- چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەشاعیرە بۆ پێوەرە فەلسەفییەکان سەبارەت بە کەلامی الله عزوجل:

ئەشاعیرە لەم بەشەی عەقیدەکەیاندا دوو کێشەی گەورەیان لەبەردەمدا بوو: لەلایەکەوە چۆن نەچنە سەر بۆچوونی موعتەزیلە کە ئەوان دەڵێن قورئان مەخلوقە وەکو هەر مەخلوقاتێکی تر و قسەکردنی الله نییە، لەلایەکی تریشەوە چۆن خۆیان لە موافەقە کردنی حەنابیلە و

أهل الحديث بپارێزن لەو مەسەیە، بۆیە هاتن ئەم بنەمایەیان لە فەلسەفەی یۆنانییەوە داتاشی و وتیان: "امتناع قیام الحوادث بذات الله" واتە: ناکرێت سیفەتێك وەکو سیفەتی کەلام بۆ الله زیاد ببێت لەدوای نەبوونی یان هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا درووست ببێت، دیسان هاتن وئەو دوو پێشەکی و دەرەنجامەی ارطوطالیس یان لەسەر ئەو مەسەلە مەزنە جێبەجێ کرد ووتیان:

پێشەکی گەورە: هەموو شتێك یەك بەدوای یەکدا بێت و سەرەتا و کۆتایی هەبێت ولەچەند بەشێك پێکهاتبێت ئەوە مەحاڵە (مخلوق) ودرووستکراو نەبێت، چونکە گۆڕان وشتی یەك دوای یەك ئەوە سیفەتە شتە مەخلوق و درووستکراوەکانە.
پێشەکی بچووك :کەلامی لەفزی ئەوەیە کە دەیبیسین، لە پیت و دەنگ پێکهاتووە، پیت بەدوای پیتدا ودەنگ بەدوای دەنگدا، سەرەتا و کۆتایی و بێ دەنگبوونیشی تێدەکەوێت.
دەرەنجام: کەواتە: ئەو قسەکردنەی کە لە پیت ولە دەنگ پێکهاتووە، ئەوە قسەکردنێکی داهێنراو ودرووست کراوە، ناکرێت سیفەتی ئەزەلییەتی پێ بدرێت، چونکە ئەوە بەواتای ئەوە دێت کە الله شتی نوێ و داهێنراوی بەسەردا بێت وئەوەش مەحاڵە.

بۆیە لەم مەسەلەدا تەواو لە موعتەزیلەکان نزیك بوونەوە بەڵکو هەمان

بۆچوونیان هەبوو، بەڵام وەکو وتم بۆ ئەوەی لە ئیحراجی یەکگرتنەوەی بیروبۆچوون لەگەڵ دوژمنە تەقلیدییەکەی خۆیان دەربازیان ببێت، زاراوەی (الكلام النفسي)یان داهێنا و دیسان سێ بنەماکەی ئەرستۆیان بەشێوەیەکی تر لەسەر ئەو مەسەلە جێبەجێ کرد وبەم شێوە دایانڕشتەوە:

پێشەکی گەورە: هەموو سیفەتێك بۆ ئەوەی بوترێت سیفەتی الله یە، دەبێت سیفەتێکی ئەزەلی بێت (عرض)بێت، دوور بیت لە گۆڕانکاری. پێشەکی بچووك: الله تعالی سیفەتی کەلامی هەیە لە ئەوپەڕی کەمالدا،بەڵام مەحاڵە قسەیەك بکات پیت و دەنگی تێدا هەبێت. دەرەنجام: کەواتە کەلامی الله مەعنایەکی ئەزەلییە لە زاتی خۆیدا لە ئەزەلەوە بوونی هەیە، قابیلی بەش بەشبوون نییە وئەمەیان ناونا (الكلام النفسي). بەمەش قەناعەتیان بەخۆیان کرد کە ڕەددی موعتەزیلە و سەلەفیان پێکەوە دایەوە.

ئەمانەی باسمان کرد سەبارەت بە جێبەجێکردنی پێوەرە مەنتەقییەکان لەسەر الله تعالی و سیفەتەکانی، ئەشاعیرە بەزۆری بەکاری دەهێنن، لە دەیان سەرچاوە سەرەکییەکانیاندا بەتایبەتی لەلای (متأخرين) ە کانیان باسیان کردووە، بۆ نموونە لە کتێبەکانی:

1. الإرشاد إلى قواطع الأدلة في أصول الاعتقاد. إمام الحرمين عبد الملك

بن عبد الله الجويني .

2. الاقتصاد في الاعتقاد..أبو حامد محمد بن محمد الغزالي.

3. أساس التقديس..فخر الدين محمد بن عمر الرازي

4. الأربعين في أصول الدين..فخر الدين محمد بن عمر الرازي

6. أبكار الأفكار في أصول الدين..سيف الدين علي بن محمد الآمدي

7. غاية المرام في علم الكلام...سيف الدين علي بن محمد الآمدي

8. المواقف في علم الكلام..عضد الدين عبد الرحمن بن أحمد الإيجي

9.شرح المواقف..علي بن محمد الجرجاني

10. شرح المقاصد...سعد الدين مسعود بن عمر التفتازاني

لەم کتێبانەدا هەندێ جار هەر ڕێك وەکو پێوەرەکانی ئەرستۆ ناوی پێشەکییەکانیش دەبات ودەڵێت: "المقدمة الأولی..." "المقدمة الثانیة"...
"فینتج..."یان "فثبت..." یان "فثبت المطلوب." ئەمە بە زۆری لە کتێبەکانی فەخری رازی بۆ نموونە دەبینرێت.
هەندێ جاریش پێوەرە فەلسەفییەکە جێبەجێ دەکەن بەبێ ئەوەی بڵێن ئەوە پێشەکی گەورە و ئەوە پێشەکی بچووك و ئەوە دەرەنجام.

یەکێك لەو زانا گەورانەی نەیهێشت ئەشاعیرە لە گەیاندنی عەقیدەکەیان و تێپەڕاندنی فەلسەفەی یۆنانی بەسەر موسوڵماناندا

هەست بە ئاسوودەیی بکەن، پێشەوا ابن تیمیة بوو بەڕەحمەت بێت، کەوکوژ بۆ هەموو لادانەکانیان (بالمرصاد) دانیشت ولەبەر تیشکی قورئان و سوننەت و عەقیدەی سەلەفدا، هەروەها بە پێی فەلسەفە و منطق و پیوەرەکانی خۆیشیان، بیرۆکەکانی ئەوانی هەڵتەکاند و لە بنچینەوە بۆیانی هەڵوەشاندەوە، لە کتێبەکانیدا هەنگاو بە هەنگاو دیتە سەر پێشەکی گەور وبچووك و دەرەنجامیان و بەرپەچیان دەداتەوە و پوچەڵیان دەکاتەوە.

پوچەڵکردنە و بەرپەرچدانەوەی ابن تیمیة بۆ عەقیدەی ئەشاعیرە و دەرخستنی پشت بەستیان بە فەلسەفەی ئەرستۆ لەبابەتەکانی عەقیدەدا، وای کرد ببێتە نەیاری یەکەمی ئەوان و تاکو ئێستاش ئاستی ڕق ودوژمنایەتی ئەوان بۆ ابن تیمیة و کتێبەکانی، بۆ قوتابی و لایەنگران و شوێنکەوتووانی، بەبەردەوامی ڕووی لەبەرزی بێت و بێ ئۆقرەیی و بێزارییەکی زۆر بەوە نیشان دەدەن، چونکە ابن تیمیة لەسەردەکی خۆیدا ئالآی عەقیدەی ئەهلی سوننەت و پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتەی بەرز کردەوە و ڕیسەکەیانی سەبارەت بە خۆل لەچاوکردنی موسوڵمانان و تێپەڕاندنی فەلسەفەی ئەرستۆ و یۆنانییەکان بەسەر موسوڵماناندا کرد بەخۆری و سیحرەکەیانی بەتاڵ کردەوە.
هەوڵەکانی ابن تیمیة بۆ دەرخستنی حەقیقەتی عەقیدەی ئەشاعیرە

وئەوەی بەسەریدا هات لەو پێناوەدا، إن شاء اللّٰه لەم زنجیرە باسەدا دەبێتە باسێکی سەربەخۆی ترمان بۆ ئێوەی بەڕێز.